# پەراوێزخستن و چەوساندنەوەی چەند توێژی: مێکانیزمەکانی لەناوبردنی ژیانی کۆمەڵایەتی–ئابووریی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان*

نەریمان محەممەدی

وەرگێڕان: کەماڵ حەسەنپوور

## کورتە

دوای دروستبوونی دەوڵەت-نەتەوەی مۆدێرن لە ئێران و زاڵبوونی گوتاری فارسی-شیعی لە چوارچێوەی پێکهاتە سیاسی-ئابوورییەکەیدا، کورد وردە وردە پەراوێز خرا و دابەزێندرا بۆ "پەراوێز". دوابەدوای شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵی ١٩٧٩ ئەو پەراوێزخستنە چڕتر کرایەوە. ئەو لێکۆڵینەوەیە بەدواداچوون بۆ ئەو بارودۆخ، مێکانیزم و پرۆسانە دەکات کە یارمەتیدەری دارشتن و خراپتر کردنی دۆخی پەراوێزخراویی ڕۆژهەڵات (ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهاتوو لە پارێزگاکانی ئازەربایجانی ڕۆژاوا، کوردستان، کرماشان و ئیلام) بوون. سەرەتا، ئاستی گەشەسەندنی ڕۆژهەڵات هەڵدەسەنگێندرێت، پاشان شیکارییەک بۆ ستراتێژییەکانی کەڵک لێوەرگیراو لە لایەن حکوومەتی ناوەندیی ئێرانەوە، لە مێژووی نوێدا، بۆ قووڵتر کردنەوەی دۆخی پەراوێزخراوی و لەناوبردنی ژیانی کۆمەڵایەتی-ئابووریی ڕۆژهەڵات دەکرێت. لە کۆتاییدا، مێکانیزمەکانی ڕێخۆشکەری خراپتربوونی دۆخی کۆمەڵایەتی-ئابووریی ڕۆژهەڵات دێتە ژێر لێکۆڵینەوە. تیۆریی ناوەند-پەراوێز و چوارچێوەی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی وەک چاویلکەی تیۆری کەڵکی لێ وەردەگیرێت. بەڵگەنامەکانی گەشەپێدان و زانیاریی ئابووریی-کۆمەڵایەتی کە لە لایەن ڕێکخراوە حکوومییەکانی ئێرانەوە بڵاو کراونەتەوە، پێیاندا دەچنەوە. شێوازێکی گوڵبژێر کردنی ئامانجدار لە کاتی هەڵبژاردنی بەڵگەنامەکانی پەیوەندیدار بەو توێژینەوەیە کەڵکی لێ وەرگیراوە. ئەو بەڵگەنامە هەڵبژێردراوانە و لێکۆڵینەوە لە زانیارییەکانی ناویان، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی-ئابووریی نێوان ناوچە کوردییەکان (ڕۆژهەڵات) و بەشەکانی دیکەی ئێران پیشان دەدەن. ئاکامی توێژینەوەکە ئاشکرای دەکات کە گوتاری سیاسی-ئابووریی حاکم بە سەر ئێراندا، بە ڕەچاو کردنی سیاسەتی وەکوو دەرهێنانی سامانەکان، گواستنەوەی سەرمایەی زیادە بۆ ناوەند؛ دامەزراندنی پیشەسازیی چەوسێنەر، نەبوونی وەبەرهێنانی ئابووریی و، ڕێژەی بەرزی بێکاری بە شێوەی بەردەوام، بووەتە هۆی هاتنە ئارای پەرگالێکی کۆلۆنیالیستی و بەشمەینەتیی ئابووریی-کۆمەڵایەتی لە ناوچە کوردییەکان (ڕۆژهەڵات).

**وشە سەرەکییەکان**

**پەیوەندییەکانی ناوەند-پەراوێز، کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕۆژهەڵات (ڕۆژهەڵاتی کوردستان)، ژیانی ئابووریی-کۆمەڵایەتی**

## پێشەکی

کوردستان ناوچەیەکی جوغرافیاییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بەشێک لە تورکیە، ئێران، عێراق و سووریە دەگرێتەوە. هەروەها ناوچەگەلێکی دیکە بە ڕێژەی بەرچاوی دانیشتووانی کورد لە پارێزگای خۆراسان، ڕۆژهەڵاتی دەریای کاسپیەن و ناوەڕاستی ئەنادۆڵ هەن. بەهۆی تێکەڵاویی ئەتنیکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاماری وردی دانیشتووانی کورد لەبەردەستدا نییە. گریمانە دەکرێت ٢٠٪ی کۆی دانیشتووانی هەردوو وڵاتی عێراق و تورکیە لە کورد پێک هاتبێت، لەکاتێکدا لە ئێران و سووریە نزیکەی ١٠٪ ی دانیشتووان کوردن. ویدەچێت کۆی ژمارەی دانیشتووانی کورد لە ناوچەکەدا بگاتە نزیکەی ٣٥ ملیۆن کەس (گورسەس، ٢٠١٤، ل. ٢٥٣). بە گوێرەی خەمڵاندنێکی دیکە لە نێوان ١٢

بـــۆ ١٥ ملیۆن کورد لە تورکیـــە دەژین (کە دەکاتـــە ٪٢٣-٪١٨ی کۆی دانیشـــتووان)، نزیکـــەی ٦،٥ ملیـــۆن لە ئێـــران (٪١١)، نزیکـــەی ٤،٥-٤ ملیۆن لە عێـــراق (٪٢٠-٪١٧) و، نزیکـــەی یەک ملیۆن لە ســـووریە (٪٩) (گونتـــەر، ٢٠١٠، ل. ٣). بێجگە لەوە، کۆمەڵگـــەی مەزنـــی ڕەوەندی کـــورد لە ئەمریـــکا، ئورووپـــا، لوبنـــان و کۆمارەکانی پێشـــووی یەکیەتیـــی ســـۆڤیەت هەن کە ڕێژەی دانیشـــتووانیان بـــە نزیکەی ٢ ملیۆن کەس مەزەنـــدە دەکرێت (گونتـــەر ٢٠١٩، ل.٢؛ گونتـــەر ٢٠١٠، ل. ٣).

بەدرێژاییی ســـەدەی ڕابـــردوو، کورد بۆ دەسەڵاتی سیاسیی ســـەربەخۆ هەوڵی داوە و، ئەو پرســـە بووەتە هۆی گرژیی سیاســـی و ســـەربازی لەنێوان ئـــەوان و حکوومەتەکانی ئێـــران، تورکیە، عێـــراق و ســـووریەدا. ئەو گرژییانـــە لـــە دوای جەنگی جیهانیـــی یەکەم و پەســـەندکرانی "پەیماننامەی ســـیڤەر" کە مافـــی هەبوونـــی دەوڵەتی ســـەربەخۆی لە کورد زەوت کرد، پەرەی ئەســـتاند (باجەلان ٢٠٢٠). ئەگەرچی زۆربەی گرژییە سیاســـی و ســـەربازییەکانی نێوان کورد و حکوومەتەکان لە تورکیە و عێراق ڕوویـــان داوە، بەڵام مرۆڤ شایەتی گرژی و ململانێی سیاســـی و سەربازی لە ئێرانیشـــدا بـــووە. لە مانگی ئاگۆســـتی ســـاڵی ١٩٤١، ســـپای هاوپەیمانان هاتنە ناو ئێرانەوە. بریتانیاییەکان بەشـــی باشـــووری وڵاتەکەیـــان داگیر کرد، هـــاوکات هێزەکانی ســـۆڤیەت بەشـــی باکووریان داگیر کرد. ڕەزا شـــا (١٩٤١-١٩٢٥) کە گومانـــی لێ دەکرا هاوســـۆزیی بۆ ئاڵمـــان هەبێـــت، لەلایەن بریتانیاییەکانەوە ناچار کرا واز لە دەســـەڵات بێنێت. لە ناوچە داگیرکراوەکان ســـپای ئێران دارمـــا. کورد بە کەڵکوەرگرتـــن لە بارودۆخی ناوخۆیـــی و ناودەوڵەتی، بـــۆ خۆبەڕێوەبەری تێ دەکۆشـــا (کوهی-کەمالی ٢٠٠٣، ل. ٨٩). لە ٢٢ی جانیـــوەری ســـاڵی ١٩٤٦دا، کورد لە شـــاری مەهاباد بە ســـەرکردایەتیی قازی محەممـــەد حکوومەتێکـــی خۆبەڕێوەبەری دامەزرانـــد. حکوومەتـــی ناوەندیـــی ئێران لە ١٥ی دێســـەمبەر کۆماری کوردســـتانی ڕووخاند (مەکـــداوەڵ ٢٠٢١، ل. ٢٤٥).

دوای ڕووخانـــی کۆمـــاری کوردســـتان ناوبەناو پێکدادان لەنێوان هێزە ســـەربازییەکانی کورد و حکوومەتی ناوەندیی ئێران ڕووی داوە. لەگەڵ دامەزراندنـــی کۆماری ئیسلامیی ئێران لـــە ١٩٧٩، گرژی و پێکدادانـــەکان جارێکی دیکە پەرەی ئەســـتاندەوە. کوردان خوازیاری دانپێدانانی سیاســـی بە خودموختاری بوون، بـــەڵام کۆمـــاری ئیسلامـــی دژایەتیی ئەو داخوازییەی کـــرد. دوای ماوەیەک ململانێی خوێنـــاوی[1]، حکوومەتی ناوەنـــدی کۆنترۆڵی کوردســـتانی گرتەوە دەســـت (ئیبراهیمی ٢٠١٨، ل. ١). حکوومەتـــی ناوەنـــدی نەتەنیا ســـەرکوتی سیاســـی بە ســـەر کوردستاندا ســـەپاند، بەڵکو کەڵکـــی لە ســـتراتێژیی ئابووریـــی و کولتووریش بۆ دروســـتکردنی وێرانشـــاریی ئابووریـــی و بەهێزکردنـــی هێژەمۆنییەکەی لـــە ناوچەکـــەدا وەرگرت (سولەیمانی & محەممەدپوور ٢٠٢٠ئ). پێشتر کوردســـتان لە ڕووی ئابوورییـــەوە لە لایەن حکوومەتـــی ئێرانەوە دەچەوســـایەوە، بەڵام دوای شۆڕشـــی ئیسلامـــی ئـــەو دۆخە بە شـــێوەی سیســـتەماتیکتر بەڕێوە دەچێت.

پرۆســـەی چەوســـاندنەوەی ئابووری لە ڕۆژهـــەڵات[2] پەیوەندیـــی ڕاســـتەوخۆی بە دامەزراندنـــی دەوڵەت-نەتـــەوەی مودێرنەوە هەیە. دوای دامەزراندنـــی دەوڵەت-نەتەوەی مودێرن لە ئێران لە ســـەرەتاکانی ســـەدەی

بیستەمدا، ئەقڵانییەتی سەرمایەداریی ناوەندگەرا بوو بە پێکهاتەی زاڵی ئابووری لە ئێران. پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە ئێران بەشێوەیەک داڕێژراون و گەشەیان کردووە کە دەوڵەتی ناوەندگەرا ئەتنیکی فارس و بڕوامەندانی ئایینزای شیعەی کردووەتە ناوچەقی سەرنجی خۆی، بەو شێوەیە پەیوەندییە سەرمایەدارییەکانی وەها پەرە پێداوە کە بە قازانجی ئەوان بێت (ئینتیسار ١٩٩٢، ل. ٦؛ قاسملوو ١٩٨٠، ل. ١١). هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەت-نەتەوەی مۆدێرن لە ئێران، پێکهاتەی ئابووری پێش سەرمایەداری لە ڕۆژهەڵات وەکو زۆرێک لە ناوچەکانی دیکەی ئێران، وردە وردە کاڵ بووەوە و لەناو چوو. هەرچەندە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەی ئابووریی پێش سەرمایەداری نایەکسانی بوو، بەڵام ئامانجە بنەڕەتییەکەی ڕێکخستنی پەیوەندییە ئابووریی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی کۆمەڵگەی کوردی بوو. ئەو پێکهاتەیە هاوسەنگییەکی ناسکی لەنێوان کەرتە کولتووری، ئابووریی، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا دەپاراست. بەڵام لەگەڵ لەناوچوونی پێکهاتەی ئابووریی پێش سەرمایەداری، ئەو پەرگالە کۆمەڵایەتییەش لەناو چوو (کوهی-کەمالی ٢٠٠٣، ل. ١١).

پێش سەدەی نۆزدەهەم کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی بووە. ئەو پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی-سیاسی و خاکی هەبوو کە لەسەر بنەمای خزمایەتی و ڕەچەڵەک دامەزرابوو، بە پێکهاتەیەکی ناوخۆیی تایبەت بە خۆی (ڤان بروینسن ١٩٩٢، ل. ٥١). ئابووریی خێڵەکی پشتی بە بەخێوکردنی مەڕوماڵات و کۆچی نەریتیی وەرزانە بەستبوو (کوهی-کەمالی ٢٠٠٣، ل ٤٤). ئاڵوگۆڕەکانی سەدەی بیستەم، لەناویاندا چوونە سەری ڕێژەی دانیشتووان و سیاسەتەکانی دەوڵەت، پێکهاتە ئابوورییەکەیان گۆڕی. سیاسەتی قەدەغەکردنی کۆچی وەرزانە لە لایەن ڕەزا شا، هۆزە کوردەکانی ناچار کرد لە گوندەکاندا نیشتەجێ بن. ئەو گۆڕانکارییە لە ژیانی کۆچەرییەوە بۆ ژیانی وەرزێری، گۆڕانکاریی بەرچاوی بەدوای خۆیدا هێنا. کشتوکاڵ بوو بە بناخەی سەرەکیی ئابووریی، ئەو کارە لە پێش هەموو شتێکدا بۆ بژێوی ڕۆژانە بوو نەوەک بۆ بازرگانی. خاوەندارییەتیی زەوی بڕیاردەری هیرارشیی ئابووریی بوو، کە لەوێدا خاوەن زەوییەکان لە تروپک بوون و جووتیاران لەژێر چاودێریی ئەواندا کاریان دەکرد (ڤان برۆینسن ١٩٩٢، ل. ١٦). ئەو گۆڕانکارییانە خۆبژێویی ئابووریی کۆمەڵگەی کوردییان لاواز کرد و شێوازەکانی ئابوورییە نەریتییەکەیان تێک دا (کوهی-کەمالی ٢٠٠٣، ل. ٦٢). پەیوەندییە سەرمایەدارییەکانی ئێران لە کۆتاییەکانی حکوومەتی قاجاردا سەریان هەڵدا (ئینتیسار ٢٠٠٩) و دوای دۆزینەوەی نەوت لە ساڵی ١٩٠٨ زیادتر گەشەی کرد. گەشەی سەرمایەداری لە ئێران نایەکسانیی ئابووریی خراپتر کرد، بە شێوەیەک کە ڕۆژهەڵات تا ئاستێکی زۆر کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی مایەوە (قاسملوو ١٩٨٠، ل. ١١٣-١١١). ئەو ئەقڵانییەتە سەرمایەدارییە ڕیشە داکوتاوە لە ناسنامەی فارسی-شیعیدا لە سەردەمی قاجارەوە (١٧٨٩-١٩٢٥) بەردەوام هەبووە (ئینتیسار ١٩٩٢، ٢٠٠٩؛ حەسەنیان & سۆهرابی ٢٠٢٢؛ سولەیمانی & محەممەدپوور ٢٠٢٠ئـ). مەبەستی چاکسازیی زەوی لە ساڵی ١٩٦٣

دابەشـــکردنی زەوی بوو، بـــەڵام بووە هۆی تێکچوونی کۆمەڵایەتـــی و ئابووریی (بلەیک ۲۰۰۹، ل. ۱۵۵؛ شـــەیبانی ۱۹۷۳، ل. ۱۸۳).

شۆڕشی ســـاڵی ۱۹۷۹ سیاسەتی ئابووریی نوێـــی لەگەڵ خۆیـــدا هێنا کـــە جەختی لەســـەر بە نیشـــتمانیکردن دەکـــردەوە، بەڵام دەرەنجامـــی نەرێنی لـــێ کەوتنەوە، وەکو بێـــکاری، لەکیس چوونی ســـامانەکان، چەوســـاندنەوەی هێـــزی کار و وێرانکردنی ژینگە. بەر لە شـــۆڕش، هاندەری ســـەرەکیی چەوســـاندنەوەی ئابووریی ناسیۆنالیزمی فارس بوو؛ بەڵام لـــە دوای ســـاڵی ۱۹۷۹ گوتاری شـــیعەش بـــوو بە یەکێـــک لـــە پایەکانی سیســـتەمی نـــوێ. ئـــەو گۆڕانکارییە بووە هـــۆی پەراوێزخرانی کورد، هـــەم لە ڕوانگەی ئایینـــی و هەم لـــە ڕوانگەی سیاســـییەوە. ناکۆکییـــە ســـەربازییەکانی نێـــوان کورد و کۆماری تـــازە دامـــەزراوی ئیسلامی دۆخی پەراوێزخراویی ئەوانی خراپتـــر کرد. گوتاری فارسی-شـــیعی (ئایینی-ناسیۆنالیستی) وەک چوارچێـــوەی بنەڕەتی بۆ چەوســـاندنەوەی ئابووریی کورد لە ســـەردەمی دوای شۆڕشدا دەوری گێڕاوە (ســـولەیمانی & محەممەدپوور ۲۰۲۰ئـ).

دوای شۆڕشـــی ئیسلامیی ساڵی ۱۹۷۹، پرۆســـەی چەوســـاندنەوەی ئابووریـــی لە ڕۆژهـــەڵات لە پێـــش هەموو شـــتێکدا بە دەرهێنان و گواســـتنەوەی سامانە سروشتییە زۆر و زەبەندەکانـــی (وەک نـــەوت، گاز، ئاو و کانزاکان) بۆ ناوچەکانی ناوەند بە مەبەســـتی کار لەســـەرکردن و گەشـــەپێدان، چڕتـــر بووەتەوە. لـــە ئاکامدا دانیشـــتووانی کورد لە ڕوانگـــەی پێکهاتەیی پەراوکـــراو مانەوە و لە سوودە ئابوورییەکانی سامانەکانی ناوچەکەیان بێبـــەش کران (حەســـەنیان & ســـۆهرابی ۲۹۲۲). دەوڵەتـــی ئێران سیاســـەتگەلێکی وەهـــای بەدامەزراوەیـــی کـــردووە کـــە ئەولەوییەتـــی بە گەشـــەی پیشەســـازی و ژێرخانی ئابووریی لە ناوەنـــدی ئێران دەدات، لە کاتێکـــدا بە شـــێوەی سیســـتەماتیک وەبەرهێنانی هاوشـــێوە لە ناوچە کوردییەکان پاشـــگوێ دەخات. ئەو پەراوێزخرانە ئابوورییە بەئانقەســـتە بەســـتراوەیی ڕۆژهەڵاتـــی بە تارانەوە چەســـپاندووە، بەو شـــێوەیە پێگەی ڕۆژهـــەڵات وەک ناوچەیەکی ژێردەســـتەی ئابووریـــی لـــە چوارچێوەی وڵاتـــدا بەهێزتر دەکات ( ئینتیســـار ۱۹۹۲). لە ساڵی ۱۹۷۹ تـــا ۲۰۲۴ ئێران حەوت پلانی گەشـــەپێدانی ئابووریی لەگـــەڵ سیاســـەتی جۆراوجۆری نیشـــتمانی و ناوخۆیی جێبەجـــێ کردوون. بەڵام ئەو دەستپێشـــخەرییانە بەشـــێوەیەکی سیســـتەماتیک کوردی ڕۆژهەڵاتیان پەراوێز کـــردووە و ئاکامەکـــەی بووەتە ســـەرکوتی توندی ئابووریـــی. پێـــوەری ئابووریی وەک ڕێژەی هەژاری، ئاســـتی بێـــکاری و ڕەوتی وەبەرهێنان بەشـــێوەیەکی مەترســـیدار نزم ماونـــەوە، ئەوەش وای کـــردووە ڕۆژهەڵات لە ڕووی ئابوورییەوە لە دۆخێکی کارەســـتانباردا بێت (ڕێکخـــراوی پلان و بودجـــەی ئێران ۲۰۲۰؛ ناوەنـــدی ئاماری ئێـــران ۲۰۲۱ج، ۲۰۲۱د؛ ڕێکخـــراوی تەکنەلۆژیـــی زانیاریی ئێران ۲۰۲۳).

ئەو بارودۆخانە ڕەنگدانەوەی ســـەپاندنی پەیوەندییەکانـــی ناوەند-پەراوێز لە ئێرانە، کە ئاکامەکەی ئافراندنی نایەکســـانی لە چەندین ئاســـتدایە. فرانک و گیڵـــس (۱۹۹۶، ل. ۳)، کەڵەکەبوونـــی ســـەرمایە بـــە کاریگەرترین هێـــز و فاکتەری مێژوویی بۆ دروســـتکردنی نایەکســـانی دەزانن. کەڵەکەبوونی ســـەرمایە هەمیشـــە لە ڕوانگـــەی شـــوێن و کەرتەوە

نایەکسان و لە ڕووی کاتییەوە نارێک بووە (فرانک ١٩٧٩، ل. ٢٨٢). نایەکسانی و لاسەنگی لە کەڵەکەبوونی سەرمایەدا بووەتە هۆی گەشەسەندنی نارێک و دروستبوونی پەیوەندییەکانی ناوەند-پەراوێز. ئاکامی پەیوەندییەکانی ناوەند-پەراوێز، بووەتە هۆی دەوڵەمەندبوون و گەشەکردنی کۆمەڵگەکانی ناوەند، لە کاتێکدا کۆمەڵگە پەراوێزییەکان تووشی هەژاری و دواکەوتوویی بوون. فرانک (٢٠١٣) جەخت لەوە دەکاتەوە کە پەیوەندییەکانی ناوەند-پەراوێز بوونە هۆی تالانکرانی سەرمایەی زیادەی کۆمەڵگەکانی پەراوێز. کۆمەڵگەکانی ناوەند بۆ ماوەیەکی کاتی وەبەرهێنان لە کۆمەڵگەکانی پەراوێزدا دەکەن و قازانجەکانیان دەگەڕێننەوە بۆ ناوەند. ئامانجی ئەو وەبەرهێنانانە بە تالانبردنی کەرەستە خاوەکانی کۆمەڵگەکانی پەراوێزە. بە گوێرەی فرانک (٢٠١٣)، دەرەنجامی ئەو پرۆسەی تالانکردنە لە کۆتاییدا گەشەنەکردنی کۆمەڵگەکانی پەراوێزی لێ دەکەوێتەوە.

پەیوەندییە نایەکسانەکانی ناوەند-پەراوێز لەمێژە بارودۆخی سیاسی- کۆمەڵایەتیی دانیشتووانی کوردی ئێرانیان دیاری کردووە. ئینتیسار (٢٠٠٩) سەرچاوەی پەیوەندییەکانی ناوەند-پەراوێز لە ڕۆژهەڵات بۆ سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێنێتەوە و ئەوان بە هەوڵەکانی حکوومەتی قاجار بۆ دامەزراندنی "چەمکی هاووڵاتیبوونی لەسەر بنەمای خاک، وڵات تەوەر و فارسکراو" گرێ دەدات. ئەو هەوڵانە، لەگەڵ مۆدێرنیزەکردنی ئێران بووە هۆی چڕبوونەوەی دەسەڵات لە ناوەندا. تا سەدەی نۆزدەهەم ناوچە کوردییەکان خۆبەڕێوەبەریی ڕێژەییان هەبوو، بەڵام بەهۆی هەوڵە چڕەکانی قاجارەوە وردە وردە ئەو خۆبەڕێوەبەرییە نەما و ئەوان بوونە "پەراوێز"ی ئێران. سیاسەتە ناسیۆنالیستییە ناوەندگەراکانی ڕەزا شا ئەو دۆخەی خراپتر کرد. لە ئاکامی ئەو هەنگاوانەدا نایەکسانییەکی توندی ئابووریی و کۆمەڵایەتی لەنێوان ڕۆژهەڵات و ناوچەکانی ناوەڕاستی ئێراندا دروست بوو کە هێشتا بەردەوامە.

لە ڕوانگەی بەشێک لە زانایانی کوردەوە ( حەسەنیان & سۆهرابی ٢٠٢٢؛ محەممەدپوور & سولەیمانی ٢٠٢١؛ سولەیمانی & محەممەدپوور ٢٠٢٣)، پەیوەندیی ناوەند-پەراوێز لە ڕۆژهەڵات کۆلۆنیالیستییە و بووەتە هۆی وێرانیی ڕۆژهەڵات بە شێوازی جۆراجۆر. سولەیمانی و محەممەدپوور (٢٠٢١، ل. ٢) لەسەر ئەو بڕوایەن کە بەئەمنییەتیکردن فاکتەرێکە کە بازنە کۆلۆنیالیستییە جۆراجۆرەکانی ئەقڵییەتی "ناوەند" لە کوردستاندا بەیەکەوە دەبەستێتەوە (سولەیمانی & محەممەدپوور، ٢٠٢٣). سەرکوتی کوردان تەنیا ڕەهەندی ئابووریی نییە، بەڵکو فرەڕەهەندە. ناوەند لە یەک کاتدا کەڵک لە ئامراز و تەکنیکی جۆراوجۆر بۆ سەرکوتکردنی کورد و لەناوبردنی فرەچەشنیی ئابووریی، کۆمەڵایەتی و کولتووری وەردەگرێت. دەوڵەت بە سەرکوتکردنی دەنگە نافارسەکان و نەهێشتنی فرەچەشنی، هەوڵ دەدات شوناسێکی تاقانەی ئێرانی دروست بکات. بۆ گەیشتن بە زاڵبوونی تەواوەوە، کەڵک لە هێزی سەربازی، پشتگیری لە لایەن نوخبەی فارسەوە و، سیاسەتی پەروەردەیی و ئایینی وەردەگیرێت (حەسەنیان & سۆهرابی ٢٠٢٢، ل. ٣٣٧؛ محەممەدپوور & سولەیمانی ٢٠٢١، ل. ١٨).

ئینتیسار(١٩٩٢) باس لەوە دەکات کە پەیوەندییە ناهاوسەنگەکانی نێوان ناوەند و پەراوێز، کە بووەتە هۆی سەرکوتی کوردان، هاوکات پەرەگرتنی هەستی هۆشیاریی ئەتنیکی و بزووتنەوەگەلێکی بەرپەرچدەرەوەی لێ کەوتووەتەوە. ئەو دۆخە هەلومەرجێکی هاوشێوەی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی دروست کردووە (ئینتیسار ٢٠٠٩، ل. ٦). دۆخی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی پەیوەندییەکی جیاواز لەنێوان ئەم ناوچانەدا دەخاتە روو، گەلێک دوور لە پەیوەندیی گەرموگوڕی ناوەند-پەراوێز، کە دەبێتە یەکگرتنی پێکهاتەیی کۆمەڵایەتی. ناوەند بە شێوەیەکە کە لە بواری سیاسییەوە بەسەر پەراوێزدا زاڵە و ئەوی لە روانگەی ماددییەوە دەچەوسێنێتەوە (هەچەر ١٩٧٧، ل. ٤٩-٤٧). پەیوەندییە لاسەنگ و نایەکسانەکانی سیاسی، ئابووریی و کولتووری لە رۆژهەڵات بە ئافراندنی کۆمەڵگەی خاوەن سەروەری لە بەرانبەر بێسەروەریدا، بەئەمنییەتیکردنی توند و گەشەنەسەندوویی درێژەیان پێ دەدرێت (سولەیمانی & محەممەدپوور ٢٠٢٠ب، ل. ٢). سولەیمانی و محەممەدپوور (٢٠٢٣) پێیان وایە سیاسەتە کۆلۆنیالیستییە ناوخۆییەکانی دەوڵەتی ئێران دۆخێکی ریزپەری ئافراندووە و دیمەنی رۆژانەی توندوتیژی لە رۆژهەڵاتی کوردستانی ئاسایی کردووە. حکوومەتی ئێران سروشتێکی کۆلۆنیالیستی هەیە کە لە رۆژهەڵاتدا ئاپارتایدی ئابووریی لەسەر بنەمای جیاوازیی ئەتنیکی-ئایینی بەرهەم هێناوە (سولەیمانی & محەممەدپوور ٢٠٢٠ب، ل. ١٧).

لەو لێکۆڵینەوەیەدا کەڵک لە هەڵوێستێکی رەخنەگرانە وەردەگیرێت کە جەخت لە سەر دەسەڵات، زانیاری و ئایدۆلۆژی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی-ئابوورییەکان دەکرێت (پۆزبوم ٢٠٠٤)، بەدواداچوون بۆ پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان رۆژهەڵات و ناوەندی ئێران دەکرێت و، تیشک دەخرێتە سەر مێژووی هەڵسوکەوتی نێوان ناوەند-پەراوێز. سەرچاوەی زانیارییەکان بریتین لە بەرنامەکانی گەشەپێدانی ئێران، راپۆرتە ئامارییەکان و بەڵگەنامە سیاسییەکان (١٩٨٩-٢٠٢٣). توێژینەوەکە کەڵک لە شێوازی دیداکتیف-ئینداکتیف وەردەگرێت، لە گریمانە تیۆریکییەکەی نایەکسانیی ناوچەیی: پەیوەندییەکانی ناوەند-پەراوێز کە لە لە ئێران زاڵن، ورد دەبێتەوە. ئەو پەیوەندییانە بوونەتە هۆی چەوساندنەوەی کورد لە رۆژهەڵات. لەگەڵ تێپەرینی کات رۆژهەڵات بووەتە "پەراوێز"، کە ئەوەش سیستەمی ئابووریی-کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەی وێران کردووە. بۆیە، ئەو وتارە لە پرۆسە و مێکانیزمەکانی یارمەتیدەری وێرانکردنی سیستەمی ئابووریی-کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوە و، جەخت لەسەر ئەو پێکهاتە و هێزانە دەکات کە بوونە هۆی بەردەوامبوونی ئەو دۆخە لە رۆژهەڵات. ئامانجی ئەو توێژینەوەیە ئەوەیە کە ئەو پرسیارە ناوەندییە بخاتە روو کە کام پرۆسە و میکانیزم یارمەتیدەری لەناوچوونی ژیانی ئابووریی-کۆمەڵایەتی بوون لە رۆژهەڵات.

## ئابووریی سیاسیی کوردستان: پێداچوونەوەیەکی مێژوویی

پێش سەدەی نۆزدە کۆمەڵگەی کوردی سروشتێکی خێڵەکی هەبوو. هۆزی کورد یەکەیەکی کۆمەڵایەتیی سیاسی و هەروەها بەگشتی خاکییە (و بەو هۆیەش ئابووریی) کە لەسەر بنەمای رەچەڵەک و

خزمایەتی، ڕاستەقینە یان گریمانەیی، دامەزراوە و پێکهاتەیەکی ناوخۆیی تایبەت بە خۆی هەیە (ڤان برۆینسن ١٩٩٢، ل. ٥١). ئابووریی خێڵەکی لەسەر بنەمای بەخێوکردنی مەڕوماڵات بە شێوەی نەریتی بوو، کە لایەنێکی ژینەکیی ئەو ئابوورییە کۆچی وەرزانە بوو (کوهی-کەمالی ٢٠٠٣، ل. ٤٤). کەشاوەرز (٢٠٢٠) چینەکانی کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی بە گوێرەی هەبوونی ڕێژەی مەڕوماڵات لێک جیا کردووەتەوە. ناوبراو چینەکانی بە گەورە ئاژەڵدار، ئاژەڵداری مامناوەند و ئاژەڵداری بچووک ناو دەبات. گەورە ئاژەڵدارەکان ئەو ئەندامانەی هۆز دەگرێتەوە کە خاوەنی زۆرترین ژمارەی ئاژەڵن. ئامانجی سەرەکیی ئابووریی ئەو چینە، بەخێوکردنی مەڕوماڵات بە مەبەستی بازرگانییە. ئاژەڵدارە مامناوەندەکان دوو ئامانجی سەرەکییان لە چالاکییە ئابوورییەکانیاندا هەیە: یەکەم، بازرگانیکردن و زیادکردنی سامانەکانیان؛ دووهەم، دابینکردنی بەشێک لە خۆراکی خێزانەکانیان. لە لایەکەوە چالاکییەکانیان، ئەوان لەگەڵ گەورەئاژەڵدارەکان و بازاڕ و بازرگانەکانی دراوسێ دەکاتە هاوپەیمان؛ لە لایەکی دیکەوە، چونکە دەبێ بەشێک لە وزەکەیان بۆ دابینکردنی خۆراک بۆ بنەماڵەیان تەرخان بکەن، بەرژەوەندیی هاوبەشیان لەگەڵ ئاژەڵدارە بچووکەکانیش هەیە. ئاژەڵدارە بچووکەکان زۆر جار تەنیا تواناییی وەدیهێنانی ئامانجێکیان هەیە: دابینکردنی بژیوی ژیان بۆ بنەماڵەکانیان (کوهی-کەمالی ٢٠٠٣، ل. ٤٨-٤٧). ئاڵوێری ئابووریی وای کرد هەموو هۆزێک بتوانێت خاوەنی هەوار یان کوێستان ( لەوەڕگەی هاوینە) و گەرمێن ( لەوەڕگەی زستانە) ی خۆی بێت. لەسەر ڕێگەی هەوارگە و لەگەڵ دراوسێیەکانیان، هۆزەکان مافی فرۆشتنی بەرهەمەکانیان و لەبەرانبەردا بەدەستهێنانی کەلوپەلی پێویستیان هەبوو. ئاڵوێر بە دراو بە شێوەی بەربڵاو لەناو کوردانـدا باو بوو و، زۆر جار سامانی دەوڵەمەندترین سەرۆک هۆزەکان تەنیا ژمارەی ڕانمەڕەکانیانی نەدەگرتەوە، بەڵکو ڕێژەی زێڕ و زیوی ئەوانیشی دەگرتەوە (قاسملوو ١٩٦٥، ل. ١٠٨).

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ئەو پێکهاتە ئابوورییە بەهۆی گۆڕانی دیمۆگرافی و سیاسەتەکانی حکوومەتی ناوەندییەوە گۆڕانکاریی بنەڕەتی بە سەردا هات. لەو سەردەمەدا ژمارەی دانیشتووانی کوردستان زیادی کرد و ئەو پێکهاتە ئابوورییەی کە هەبوو، پێویستییەکانی دابین نەدەکرد. سیاسەتەکانی حکوومەت لەو قۆناغەدا ئەو گۆڕانکارییانەیان خێراتر کرد. دوای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە ١٩٢٥، ڕەزا شا سیاسەتی قەدەغەکردنی کۆچی وەرزانەی خستە بواری جێبەجێکردنەوە. بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی کۆچەریی کۆمەڵگەی کوردی، ئەو سیاسەتە کاریگەریی درێژخایەنی لەسەر پێکهاتەی ئابووریی کوردستان هەبوو. پرۆسەی نیشتەجێکردنی زۆرەملێ و پرۆسەی قەدەغەکردنی کۆچی وەرزانە، بەو مانایە بوو کە سەرجەم هۆزە کوردەکان لە کۆتاییدا جێگیر بوون و بۆ هەمیشە بوونە گوندنشین (کوهی-کەمالی ٢٠٠٣، ل. ٤٤).

ئەگەرچی ئامانجی حکوومەت لە جێگیرکردنی کوردان لەناوبردنی ڕێکخستنی هۆزەکان بوو (لامبتۆن ١٩٥٣، ل. ٢٨٥)، بەڵام بە مانای نەمانی تەواوی پەیوەندییە

خێڵەکییەکانی نێوان بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگەی کوردیدا نەبوو (کوهی-کەمالی ٢٠٠٣، ل. ٤٩). پێکهاتەی ئابووریی کۆچەری ئاکامی پرۆسەی سروشتیی خۆگونجاندنی کورد لەگەڵ ژینگەکەیدا بوو. تایبەتمەندیی چیاییبوونی کوردستان هاندەری ژیانی کۆچەری بوو و بووە هۆی گەشەکردنی وەک شێوازێک لە ڕێکخستنی ئابووریی و کۆمەڵایەتی بە دیاردەی بەرچاوی یەکسانیخوازی، وەک خاوەنداریێتیی بەربڵاوی مەڕوماڵات. گواستنەوە لە کۆچەرییەوە بۆ ژیانی جێگیری جووتیاری، لەو ناوچەیە کە زۆربەی شاخاوییە، گۆڕانکاریی زۆری لە کۆمەڵگە و سیاسەتی کوردیدا لەگەڵ خۆی هێنا (کوهی-کەمالی ٢٠٠٣، ل. ١٦٣).

سیاسەتی قەدەغەکردنی کۆچی وەرزانە، وردە وردە وای کرد کشتوکاڵ ببێتە بەشی سەرەکیی پێکهاتەی ئابووریی کوردستان. ئەو ئاڵوگۆڕانە خۆبژێویی ئابووریی کۆمەڵگەی کوردی، کە لە پێکهاتەی ئابووریی شوانکاریدا هەبوو، لاواز کرد. لە ڕابردوودا ناوچە کوردییەکان پشتیان بە بەخێوکردنی مەڕوماڵات، وەک چالاکیی سەرەکیی ئابووریی بەستبوو و، کەمێک کشتوکاڵ و کاری دەستیی بۆ دابینکردنی پێداویستییە ناوخۆییەکان تەواوکەری ئەو چالاکییانە بوون. بەرهەمی زیادەی ئاژەڵداری لەگەڵ گوند و شارۆچکەکانی دراوسێدا بازرگانی پێوە دەکرا، بەو داهاتە خۆراک و کەرەستەی خاوی جلوبەرگ و فەرشیان پێ دابین دەکرد. بەڵام جێگیرکردنی هۆزەکان و سیاسەتەکانی حکومەت بە ئامانجی لێک هەڵوەشانی هۆزەکان، خۆبژێویی ئابوورییان تێکدا. هەوڵەکان بۆ گۆڕینی ناوچە خێڵەکییەکان بۆ ناوچەی کشتوکاڵی، سنووردارکردنی کۆچ و جێبەجێکردنی شێوازی کشتوکاڵیی کە پلانی خراپیان بۆ داڕێژرابوو، بووە هۆی دابەزینی ئاژەڵداریی نەریتی و لەکیسچوونی خۆبژێوی. خۆبژێویی ئابووریی لە ڕوانگەی سیاسییەوە گرینگە، ئەو خۆبژێوییە کۆمەڵگە دەپارێزێت و دەبێتە هۆی زاڵبوون بەسەر کاروباری ئابوورییەوە. قەدەغەکردنی کۆچ و ڕێگریکردن لە چالاکییەکانی گۆڕینەوەی کاڵا، جووڵەی فیزیکی و خۆبەڕێوەبەریی هۆزەکان سنووردار دەکات (کۆهی-کەمالی ٢٠٠٣، ل. ٦٢).

پەیوەندیی سەرمایەداری لە ئێران لە کۆتاییەکانی سەردەمی قاجار دەستی پێ کرد و لە دوای دۆزینەوەی نەوت لە ساڵی ١٩٠٨ بەرفراوانتر بوو و ئێرانی زیادتر ئاوێتەی ئابووریی جیهانی کرد. سەرەڕای زاڵبوونی پەیوەندییە ئابوورییە سەرمایەدارییەکان لە ئێراندا، پەرگالی ئابووریی لە کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر کشتوکاڵی مایەوە، ئەوەش وای کردووە کە نیشانەکانی پیشەسازیبوون بە زەحمەت دەستنیشان بکرێن. قاسملوو (١٩٨٠) دەیگوت سەرەڕای گەشەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لەنێوان دوو شەڕی جیهانی لە ئێران، کوردستان وەک ناوچەیەکی کشتوکاڵی مایەوە. زۆربەی دانیشتووانی چالاک خەریکی کار لە کەرتی کشتوکاڵدان، کە تا ئێستاش گرینگترین سەرچاوەی داهاتە. لە کوردستانی ئێراندا بێجگە لە پیشەسازیی نەوت لە کرماشان، بە

کردەوە پیشەسازیی دەرهێنانی سامانی ژێر زەوی نەبوو.

جگە لەوەش بیناسازی تا ڕادەیەکی زۆر هۆی ژمارەکانی ژێر کەرتەکانی پیشەسازی و بیناسازین. کەمتر لە ٪۵ی هێزی کار لە پیشەسازیی مۆدێرندا کار دەکەن (قاسملوو ١٩٨٠، ل. ١١١). ئەو کێشەیە لە کاتێکدا ڕووی دا کە لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە ناوچەکانی دیکەی ئێران لایەنە جۆراجۆرەکانی گەشەسەندنی سەرمایەدارییان ئەزموون دەکرد. دوای ئەو پێشهاتانە، پێکهاتەی ئابووریی کوردستان کە پێشتر خۆبژێو بوو، وردە وردە تێکەڵی ئابووریی ئێران بوو. لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، لاسەنگیی ئابووریی لەنێوان کوردستان و ناوچەکانی ناوەڕاستی ئێران بووە هۆی دابەزینی کوردستان بۆ "پەراوێزی" وڵات (قاسملوو ١٩٨٠، ل. ١١٣).

چاکسازیی زەوی سیاسەتێکی دیکەی حکوومەت بوو کە پێکهاتەی ئابووریی کشتوکاڵیی لە کوردستاندا گۆڕی. ئەو چاکسازییە کە حکوومەتی پەهلەوی لە ١٩٦٣ دەستی پێ کرد، زەویی کشتوکاڵی پارچەپارچە کرد. ئامانجی سەرەکیی ئەو سیاسەتە دابەشکردنی زەویی خاوەن زەوییە گەورەکان بەسەر وردە جووتیاراندا بوو. دوای جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە، خاوەن زەوییە گەورەکان دەیانتوانی تەنیا خاوەنی یەک گوند بن. ئەوان دەبوو باقیی زەوییەکانیان بە دەوڵەت بفرۆشن، کە ئەویش زەوییەکانی بە نرخێکی فرەنزم بە جووتیارانی بێ زەوی دەفرۆشتەوە. هەروەها کاتێک جووتیاران کۆمپانیای هەرەوەزیی کشتوکاڵییان دامەزراندبا، دەوڵەت قەرزی بە سوودی کەم پێ دەدان (بلەیک ٢٠٠٩، ل. ١٥٥). پێش جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە، خاوەن زەوییە گەورەکانی گوندەکانی کوردستان خاوەن دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی بوون و ڕێکخەری پەیوەندییە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان بوون. دوای جێبەجێکردنی چاکسازییەکانی زەوی، ئەو دەسەڵاتە لەکیس چوو و ڕادەستی حکوومەتی ناوەندی کرا، کە ڕەواییەکی ئەوتۆی لەنێو خەڵکی کوردستاندا نەبوو. لە ڕوانگەی ئابوورییەوە، چاکسازییەکانی زەوی سەروکاریان لەگەڵ بەرهەمهێنانی ئابووریی کەرتی کشتوکاڵدا هەبوو. پێش جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە، پشکی کەرتی کشتوکاڵ لە داهاتی خەڵک ٪٦۵ بوو، کە دوای جێبەجێکردنی چاکسازییە کشتوکاڵییەکان بۆ ٪۴۴ دابەزی (شەیبانی ١٩٧٣، ل. ١٨٣). لە کۆتاییدا سیاسەتی چاکسازیی زەوی لە کوردستان بووە هۆی پەرەئەستاندنی هەژاری و کۆچی گوندنشینان بۆ شارەکان. یەکێک لە هۆکارەکانی شکستی ئەو سیاسەتە، ڕوانگەی ئەمنییەتی و سەربازیی حکوومەتی ناوەندی بەرانبەر بە کوردستان بوو. دەسەڵاتی پەهلەوی کوردستانی وەک هەرەشەیەک سەیر دەکرد و بەرنامە ئابوورییەکانی پەیوەندیدار بە چاکسازیی زەوی بەو ئاراستەیەدا ڕێک دەخست و جێبەجێی دەکرد. لە کۆتاییدا ئاکامی ئەو سیاسەتە تێکچوونی زیادتری پەرگالی کۆمەڵایەتی و ئابووریی کوردستان بوو (ڕەحمانی فەلاح و ئەوانی دیکە ٢٠٢٣، ل. ١٢٠).

لەگەڵ شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩، سیاسەتە ئابوورییەکان بەرەو بەنیشتمانیکردنی سامانە تایبەتەکان گۆڕا. پلانە ئابوورییەکانیش بەرەو ئەو ئاراستەیە داڕێژراون و جێبەجێ کراون. ڕوانگەی ئەمنییەتی و سەربازیی حکوومەتی ناوەندی، لەژێر کاریگەریی ململانێی سەربازییەکانی نێوان کورد و حکوومەتی ناوەندیدا، بڕیاردەری سەرجەم بەرنامە ئابوورییەکانی دوای شۆڕشی ١٩٧٩ لە کوردستان بووە. دارشتن و جێبەجێکردنی ئەو سیاسەت و بەرنامە ئابوورییانە چەندین ئاسەواری نەرێنی بۆ کۆمەڵگەی کوردی هەبووە. لە ناویاندا چوونە سەری ڕێژەی بێکاری، لەدەستدانی سەرچاوەی سەرمایە، سەرهەڵدانی شێوازی چەوساندنەوەی هێزی کار وەک کۆڵبەری[3]و، لەناوچوونی ژینگە.

## کەلێنی گەشەپێدان و وێرانکاریی ئابووریی لە ڕۆژهەڵات

ئاستی گشتیی گەشەسەندن لە ئێران لە دەیان ساڵی ڕابردوودا لە ئاستێکی دڵخوازدا نەبووە. بەڵام پێوەرەکانی گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئاشکرای دەکەن کە ئاستی گەشەسەندنی ڕۆژهەڵات بەشێوەیەکی بەرچاو کەمترە لە ناوچەکانی دیکەی وڵات (بڕوانە خشتەی ١). لە ساڵی ٢٠٢١دا ڕێژەی بەهای زیادەی ئابووریی پارێزگای کوردستان بە بەراورد لەگەڵ کۆی بەهای زیادەی ئابووریی ئێران تەنیا ١،٣٪ بووە. ئەو جیاوازییە لە کەرتی پیشەسازیدا تەنانەت بەرچاوتریشە، کە پشکی پارێزگای کوردستان تەنیا ٠،٤٪ لە کۆی بەهای زیادەی پیشەسازیی ئێران بووە. لە ساڵی ٢٠٢١ ، داهاتی مامناوەندیی سەرانەی پارێزگاکانی کوردستان ٣٧٣٥ دۆلاری ئەمریکایی بووە، کە گەلێک لە ڕێژەی داهاتی ٨٠٠٠ دۆلار بۆ تاران، ٨٣٤٠ دۆلار بۆ یەزد و ٥٧٦٩ دۆلار بۆ ئیسفەهان کەمتر بووە (ناوەندی ئاماری ئێران، ٢٠٢٢).

ڕێژەی بێکاری لە ڕۆژهەڵات (ڕێژەی مامناوەندیی چوار پارێزگای کوردستان) لە ساڵی ٢٠٢٢ گەلێک لە هی ئێران زیادتر بووە، کە لە یەکیان ١٢،٤٪ و لە ئەوەی دیکەیان ٩٪ بووە (ناوەندی ئاماری ئێران، ٢٠٢١ب). لە زۆرێک لە پارێزگاکان وەک تاک، لە ناوچەکانی وەکو کرماشان (١٥،٧٪) و پارێزگای کوردستان (١٤،٤٪)، ڕێژەی بێکاری زۆر زیادترە. بە پێچەوانەوە، ڕێژەی ئیسفەهان ١٠،٦٪، سێمنان ٨٪ و تاران ٩،٧٨٪ بووە. هەروەها ڕێژەی خوێندەواری لە ناوچە کوردییەکان لە ڕێژەی مامناوەندیی تێکڕای ئێران کەمترە. ڕێژەی خوێندەواری لە پارێزگای کوردستان نزیکەی ٨١٪ ـــــە، لە کاتێکدا لە تاران، یەزد و سێمنان ڕێژەکەی نزیکەی ٩٣٪ و ٩١٪ ـــــە (ناوەندی ئاماری ئێران، ٢٠٢٢).

پێوەرەکانی گەشەی مرۆیی لە ڕۆژهەڵات ڕەنگدانەوەی دۆخێکی نالەبارن (جەمینی و ئەوانی دیکە، ٢٠٢١). لە ساڵی ٢٠٢٠، ئاستی مامناوەندیی گەشەی مرۆیی لە پارێزگا کوردییەکان ٠،٧٣٤ بووە. ئەو ئاستە لە یەزد ٠،٨١١ لە تاران ٠،٨٢٧ و لە ئیسفەهان و سێمنان پێوەرەکە ٠،٧٩٧ بووە (ناوەندی ئاماری ئێران، ٢٠٢١). لێکۆڵینەوەی زیادتر لە پلەی پیشەسازیی ناوچەی کوردستان، بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی

دیکە کە سەرچاوەی سەرمایەیان گەلێک کەمترە، دۆخی نالەباری گەشەنەکردنی ئابووریی لە ناوچە کوردستانییەکان ئاشکرا دەکات. پلەی گەشەکردنی پیشەسازی لە پارێزگای کوردستان ٢٧، لە کرماشان ٢٥، لە ئازەربایجانی ڕۆژاوا ٢٦ و لە ئیلام ١٩یە. بەپێچەوانەوە، یەزد خاوەنی پلەی یەکەم، سێمنان پلەی دووهەم، مەرکەزی چوارەم، ئیسفەهان پلەی شەشەم و تاران پلەی دوازدەهەمە (ڕێکخراوی پلان و بودجەی ئێران، ٢٠٢٠).

پشکی ڕۆژهەڵات لە بەرهەمی ناوخۆیی گشتیی ئێرانیش هەمان دۆخ ئاشکرا دەکات. پارێزگای کوردستان ٠،٩٪، ئیلام ١،٢٪، ئازەربایجانی ڕۆژاوا ٢٪ و کرماشان ١،٥٪ی بەرهەمی ناوخۆیی ئێران پێک دەهێنن. بەپێچەوانە، پشکی تاران ٢٢٪ و پشکی ئیسفەهان ٥،٨٪ بووە (ڕێکخراوی پلان و بودجەی ئێران، ٢٠٢٠). لێکۆڵینەوە لە ڕیزبەندیی گەشەسەندنی ئابووریی لە ناوچە کوردییەکان ئەو پرسە زۆرتر پشتڕاست دەکاتەوە. پلەی گەشەسەندنی ئابووریی ئازەربایجانی ڕۆژاوا ٢٨، پارێزگای کوردستان پلەی ٢٧، تاران پلەی یەکەم، یەزد پلەی دووهەم، سێمنان پلەی سێهەم و، ئیسفەهان پلەی چوارەمیان هەیە. لە لایەکی دیکەوە ڕێژەی هەژاری لە ئازەربایجانی ڕۆژاوا ٤ و لە پارێزگای کوردستان هەشتە، لە کاتێکدا یەزد کەمترین ڕێژەی هەژاریی هەیە کە ٣١ە، لە دوای ئەویش تاران بە ٣٠، سێمنان بە ٢٩، ئیسفەهان بە ٢٧ لە پلەکانی دواتردان (ناوەندی ئاماری ئێران ٢٠٢١ج، ٢٠٢١د).

ئەو دۆخە بە هەمان شێوە لە بەشی گەشەکردنی دیجیتاڵیشدا زاڵە. بەپێی ئامارە فەرمییەکانی ئێران، دابڕانێکی دیجیتاڵی لە نێوان پارێزگا کوردییەکان و پارێزگاکانی ناوەڕاستی ئێراندا هەیە. لە ساڵی ٢٠٢٢دا تێکڕای پێوەرەکانی گەشەکردنی تەکنەلۆژییەکانی زانیاری و پەیوەندی (ICT) لە ناوچەکانی کوردستان (ڕۆژهەڵات) ٦،٥٤ بووە. بە بەراورد، پێوەری تاران ٨،٠٤ و هی یەزد ٧،٩١ بووە (ڕێکخراوی تەکنەلۆژیای زانیاریی ئێران، ٢٠٢٣). نایەکسانیی ئابووریی-کۆمەڵایەتی لە کەرتی دیجیتاڵی و تەکنەلۆژیاکانی زانیاری و پەیوەندیشدا بەرهەم هێنراوەتەوە (خشتەی ١). ئامارە فەرمییەکانی ئێران دابەزینی بەرچاوی پێوەرەکانی گەشەسەندنی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی کوردستان ئاشکرا دەکەن. ڕێژەی گەشەی مامناوەندیی بەهای زیادە لە کەرتی پیشەسازی لە پارێزگای کوردستان لە ساڵی ٢٠١٢ تا ٢٠١٧ لەژێر سفر و ڕێژەکەی ٥،٩٪- بووە. کەرتەکانی گواستنەوە و پەیوەندی ڕێژەی ٢،٣٪ گەشەی بەخۆیەوە بینیوە، لەکاتێکدا شوێنە پەروەردەییەکان ڕێژەی گەشەسەندنیان ١،٦٪ بووە. کەرتی کانگاکان بە ڕێژەی ٣،٩٪- دابەزیوە و، کەرتەکانی دابینکردنی کارەبا و ئاو و گازی سروشتی ڕێکۆردی دابەزینی بەرچاوی بە ڕێژەی ٢١،٩٪ تۆمار کردووە. کەرتی بیناسازی بە ڕێژەی ١٤،٢٪- دابەزینی بەخۆیەوە بینیوە، لە کاتێکدا کەرتەکانی کشتوکاڵ و ماسیگرتن ڕێژەی گەشەی ئەرێنی ٩،٨٪ نیشان داوە (ڕێکخراوی پلان و بودجەی ئێران، ٢٠٢٠).

خشتەی ١: پیشاندەرەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕۆژهەڵات و پارێزگاکانی ناوەندی ئێران

| پارێزگا | ئازەربایجانی ڕۆژاوا | ئیلام | کوردستان | کرماشان | ئیسفەهان | تاران | سێمنان | مەرکەزی | یەزد |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| داهاتی سەرانە | ٣،٠١٠ | ٣،٤٩١ | ٢،٩٩٧ | ٤،٠١٤ | ٥،٧٦٩ | ٨،٠٠٣ | ٥،٩٠١ | ٦،١٢٣ | ٨،٣٤٠ |
| تەمەنی چاوەڕوانکراو | ٧١ | ٧٠،٦ | ٦٩،٧ | ٧٢،٩ | ٧٣،٩ | ٧٤،٢ | ٧٢،٧ | ٧٢،٢ | ٧٢،١ |
| ڕێژەی بێکاریی | ١١،٢ | ٨،٣ | ١٤،٤ | ١٥،٧ | ١٠،٦ | ٩،٧ | ٨ | ١٨،٨ | ١٣،٢ |
| ڕێژەی خوێندەواریی | ٨٢ | ٨٤،٩ | ٨١،٥ | ٨٤،٥ | ٨٩،٩ | ٩٢،٩ | ٩١،٥ | ٨٧ | ٩٠،٩ |
| پێوەری گەشەی مرۆیی | ٠،٧١٨ | ٠،٧٣٤ | ٠،٧٨٠٩ | ٠،٧٥٣ | ٠،٧٩٧ | ٠،٨٢٧ | ٠،٧٩٧ | ٠،٧٨١ | ٠،٨١١ |
| ئاستی گەشەی پیشەسازیی | ٢٦ | ١٩ | ٢٧ | ٢٥ | ٦ | ١٢ | ٢ | ٤ | ١ |
| ڕێژەی سەدی کۆی بەرهەمی گشتی | ٢ | ١،٢ | ٠،٩ | ١،٥ | ٥،٨ | ٢٢،١ | ٠،٩ | ١،٩ | ١،٨ |
| ئاستی گەشەی ئابووری | ٢٨ | ١٤ | ٢٧ | ٢٠ | ٤ | ١ | ٣ | ١٥ | ٢ |
| ئاستی هەژاریی | ٤ | ١٨ | ٨ | ١٢ | ٢٧ | ٣٠ | ٢٩ | ٢٥ | ٣١ |
| بەرهەمهێنانی پیشەسازیی | ٢٠،٠٠٠ | ٦٧٠ | ١٣،٦٠٠ | ١٣،٢٠٠ | ٧٠،٠٠٠ | ٤٠،٠٠٠ | ١٢٨،٠٠٠ | ٧٧،٢٠٠ | ٨٠،٠٠٠ |
| ڕێژەی سەدی بایەخی زیادکراو | ٢ | ١،٣٦ | ٠،٩٠ | ١،٥٩ | ٥،٥٥ | ٢٠،٩٥ | ٠،٨٢ | ٢،٠١ | ١،٨٤ |
| بایەخی زیادکراوی پیشەسازیی | ١،٥٤ | ٠،٦٢ | ٠،٤٨ | ١،٤٧ | ٨،١٩ | ١٩،٠٢ | ١،٠٧ | ٣،٤٩ | ٢،٤٤ |
| پێوەری گەشەی ICT | ٦،٢٥ | ٦،٨١ | ٦،٥٧ | ٦،٥٣ | ٧،٢٧ | ٨،٠٤ | ٧،٨٩ | ٧،٢٦ | ٧،٩١ |
| شوێنەکانی پیشەسازیی | ١،٥٥١ | ٢٦٤ | ٧١٦ | ٤٠٣ | ٧،٠١٠ | ٦،٠٥٦ | ١،٣٥٩ | ٢،١٥٣ | ١،٥٩٩ |

ICT= تەکنەلۆژیاکانی زانیاریی و پەیوەندیی

سەرچاوە: ڕێکخراوی پلاندانان و بودجەی ئێران (٢٠٠٥، ٢٠١١، ٢٠١٧، ٢٠٢٠)، ناوەندی ئاماری ئێران (٢٠٢١ ئ، ٢٠٢١ ب، ٢٠٢١ ج، ٢٠٢١ د، ٢٠٢٢)، ڕێکخراوی تەکنەلۆژیای زانیاریی ئێران.

## ستراتیژییەکانی وێرانکەریی ژیانی ئابووریی کورد

وەک لە بەشی پێشـــوودا باس کرا، ڕۆژهەڵات وردەوردە لە ڕوانگەی ئابووریی-کۆمەڵایەتییەوە خاپوور کـــرا. ئـــەو دۆخە لەناکاو ســـەری هەڵنەدا، بەڵکـــو ئاکامی زاڵبوونـــی گوتاری فارسی-شـــیعی لە ڕۆژهەڵات بوو. حکوومەتی ناوەندیـــی ئێـــران کەڵکی لە ســـتراتیژیی جۆراجـــۆر بـــۆ چەوســـاندنەوەی ناوچەکە و جێبەجێکردنـــی وێرانکارییـــە ئابوورییەکانی وەرگرت. گرینگترین ســـتراتیژییەکان بریتی بوون لە تاڵانکردنی ســـامانە سروشـــتییەکان (تاڵانکردنـــی ســـەرمایە)، شکســـتهێنان لە وەبەرهێنـــان و کەڵەکەکردنی ســـەرمایە و برەودان بە پیشەســـازییە چەوســـێنەرەکان.

### تاڵانکردنی سامانە سروشتییەکان

یەکێک لـــە ســـتراتیژییە هەرەگرینگەکان کـــە حکوومەتـــی ناوەندیـــی ئێـــران بۆ چەوســـاندنەوەی ڕۆژهـــەڵات کەڵکـــی لێ وەردەگرێت، تاڵانکردنی سامانە سروشتییەکانە (تاڵانی ســـەرمایە). ئەگەرچی ئەو ستراتێژییە لـــە دوای پێکهاتنـــی دەوڵەتـــی مۆدێرن لە ئێران دەســـتی پێ کـــردووە، بـــەڵام دوای کۆتاییهاتنی جەنگی ئێران-عێراق لە ســـاڵی ١٩٨٩ چڕتـــر بووەتـــەوە. تاڵانی ســـەرمایە بە مانـــای چەوســـاندنەوەی ســـامانەکانی ســـەرمایەی وڵاتێـــک یـــان ناوچەیەک لە لایـــەن وڵاتێک یان ناوچەیەکـــی دیکەوەیە. فرانک (٢٠١٣) ئاماژەی کـــردووە کە وڵاتانی ســـەرمایەداریی ڕۆژاوا بە ئامرازی سیاســـی، ئابووریی و سەربازی ســـەرچاوەی سەرمایەی وڵاتانـــی پەراوێـــز تـــاڵان دەکـــەن. تاڵانی سەرمایە بە شـــێوازی جۆراوجۆر ڕوو دەدات، گرینگترینیـــان دزینی کەرەســـتەی خاو و ســـەرچاوەکان لە کۆمەڵگەکانـــی پەراوێز و وەبەرهێنانی چەوســـێنەر لەو کۆمەڵگەیانەدایە. بە بۆچوونـــی فرانـــک (١٩٧٩)، دەرهێنانی سیســـتەماتیکی سەرچاوەکانی ســـەرمایە لە "پەراوێـــز"ەوە دەبێتە هـــۆی کەڵەکەبوونی لاسەنگیی سامان، بەو شـــێوەیە سەرچاوەی ســـەرمایەی "پەراوێز" کـــەم دەبێتەوە، لە کاتێکدا بەردەوام ســـەرمایە لـــە "ناوەند" کۆ دەبێتـــەوە. وەبەرهێنان لـــە "پەراوێز" تەنیا وەک مێکانیزمـــی ئەوپەڕی چەوســـاندنەوەی ســـەرچاوەکان و ڕێخۆشکردن بۆ گواستنەوەی کەرەســـتەی خاو (وەک کانزاکان، نەوت، ئاو و گاز) بـــۆ "ناوەند"، بـــێ وەبەرهێنانی بەرچاو لـــە "پەراوێز" کەڵکـــی لـــێ وەردەگیرێت. ڕۆژهـــەڵات یەکێـــک لـــە دەوڵەمەندترین ناوچەکانی ئێـــران لە ڕوانگەی ســـەرچاوەی ســـەرمایەیە. لەوێ ســـامانە سروشتییەکانی وەک ئـــاو، ڕووبـــار، چیـــا، کانگا، لێـــرەوار، لەوەرگـــە، ڕووەکی جۆراوجۆر، نـــەوت و گاز زۆروزەبەنـــدن. ئەو ســـەرچاوانە هەلومەرجی لەباریان بۆ گەشەســـەندن لە کوردســـتاندا ڕەخســـاندووە. بەڵام ســـەرەڕای ئەو هەموو سامانەی کوردستان، گەشـــە ئابوورییەکەی ناخهه‌ژێنه.

### سەرچاوەکانی ئاو

ڕۆژهەڵات کەشـــوهەوایەکی هەمەچەشـــنی هەیـــە کە ســـوودێکی بەرچـــاوی ئابووریی بۆ گەشەســـەندنی دابین دەکات. ســـەبارەت بـــە ســـەرچاوە ئاوییەکانییـــەوە، ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان بۆ ئێران و تەنانـــەت ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاستیش فرە گرینگە. بە لەبەرچاوگرتنی کەمئاوی و ویشکەساڵیی هەنووکەیی، کە بەشێکی بەرچاوی ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتووەتەوە، ئەو تایبەتمەندییە گرینگییەکی تاقانەی پێ بەخشیوە. هەڵسەنگاندنی بەردەوامی سامانە ئاوییەکان (C/RW) لە ئێران بارودۆخی هەستیاری زۆربەی ناوچە ڕووبارییەکان ئاشکرا دەکات. بەگوێرەی ئەو پێوەرە، کاتێک پێوەرەکە بۆ نێوان ۰،۴ و ۰،۷ دادەبەزێت، سەقامگیریی سەرچاوە ئاوییەکان دەگاتە دۆخی مەترسیدار. لە ڕوانگەی بەردەوامییەوە، زۆرێک لە ناوچە ڕووبارییەکانی ئێران لە دۆخێکی مەترسیداردان. بۆ نموونە پێوەری تێگری ئاوی ژێرزەویی نەجەفابادی ئیسفەهان، گەیشتووەتە ۰،۸. بەڵام لە زۆربەی تێگرەکانی ئاوی کوردستان ئەو پێوەرە لەژێر ۰،۴ ـە. بۆ نموونە تێگری ئاوی ژێرزەویی زاب ۰،۱۱ و سیروان ۰،۱۹یە، ئەوەش بە مانای دۆخی لەباری ئەو سامانە ئاوییانەیە (ڕێکخراوی پلان و بودجەی ئێران، ۲۰۲۰).

هەروەها ڕێژەی بارانبارینی ساڵانەش ئەو پرسە پێشان دەدات. لە ئێران ڕێژەی بارانبارینی ساڵانە (۲۰۲۲) ۱۶۰ ملم بووە، لە کاتێکدا لە کوردستان گەیشتووەتە ۲۸۴ ملم. پارێزگاکانی ناوەڕاستی ئێران کەمترین باران بارینیان ئەزموون کردووە (ڕێکخراوی کەشناسیی ئێران، ۲۰۲۳). لێکۆڵینەوەیەک لە بارودۆخی ئاوی سەرزەوی لە کوردستان ئاشکرای دەکات کە یەدەگی ئاوی ڕۆژهەڵات لەگەڵ هیی ئێران بەراورد ناکرێت. لە زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە کوردستانیشەوە هاوسەنگیی ئاو نەرێنییە. لە ساڵی ۲۰۱۹ پارێزگای کوردستان ۳۴ ملیۆن میتر سێجا کورتهێنانی ئاوی هەبووە. لە هەمان کاتدا، کورتهێنانی پارێزگای تاران ۱۵۰ ملیۆن، پارێزگای یەزد ۲۳۰ ملیۆن و پارێزگای کرمان ۹۰۲ ملیۆن میتر سێجا بووە (ڕێکخراوی پلان و بودجەی ئێران، ۲۰۲۰). بەگشتی دۆخی سەرچاوە ئاوییەکانی ڕۆژهەڵات جیاوازییەکی بەرچاوی لەگەڵ ئێران هەیە و لە ئێستادا هیچ قەیرانێکی بەربڵاو لەو بوارەدا لەئارادا نییە. بەڵام ئەگەری زۆرە سیاسەتی نالەباری سەرچاوەکانی ئاو ببێتە هۆی قەیرانی کەمئاوی لە کوردستان، وەک لە دۆخی هەنووکەدا پشتڕاست کراوەتەوە.

حکوومەتی ناوەندیی ئێران وەبەرهێنانی بەرچاوی لە کەرتی سەرچاوە ئاوییەکانی ڕۆژهەڵاتدا کردووە. لە بەرانبەردا وەبەرهێنان لە کەرتە ئابوورییەکانی دیکەدا بە کەمترین شێوە ماوەتەوە و لە سفر نزیک دەبێتەوە. پاڵنەری سەرەکیی پشت ئەم وەبەرهێنانانە دامەزراندنی ژێرخانی گواستنەوەی سەرچاوە ئاوییەکان بۆ "ناوەند" و تاڵانکردنی سەرچاوە ئاوییەکانی ڕۆژهەڵاتە. ڕێکخراوی پلاندانان و بودجەی ئێران ڕایگەیاندووە کە زۆربەی ئەو وەبەرهێنانانە ئاراستەی دروستکردنی بەنداوی ئاو بە مەبەستی هەڵگرتن و گواستنەوە کراوە (ڕێکخراوی پلان و بودجەی ئێران، ۲۰۲۰). حکوومەتی ناوەندی سیاسەتەکانی ئاوی وەک پرۆژەی گواستنەوەی ئاوی نێوان

حەوزەکان، بەنداوە زەبەلاحەکان، پرۆژەکانی گواستنەوەی ئاوی سوێری شیرینکراو، گۆڕینی ئاراستەی ڕووبارەکان و پرۆژەکانی بەکارهێنانەوەی ئاو بە هەمان مەبەست جێبەجێ کردووە. ئامانجی کۆتاییی ئەو سیاسەتانە کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوە ئاوییەکانی ڕۆژهەڵات بووە بۆ پەرەپێدانی ناوچەکانی ناوەڕاستی ئێران کە ماوەی چەند ساڵێکە ڕووبەڕووی قەیرانی کەمئاویی توند بوونەتەوە. بەڵام ئەو سیاسەتانە زیانێکی بەرچاویان بە سەرچاوە ئاوییەکانی کوردستان گەیاندووە و وردە وردە بوونە هۆی خاپوورکردنی ژینگە (حەسەنیان & سۆهرابی ۲۰۲۲، لاپەڕەکانی ۳۳۷-۳۳۲).

**کانگاکان**

کانگاکان سەرچاوەی ژینەکیی دیکەی سامانی کوردستانن. کانگاکان (بەردەقسڵ، بەردی ئاسایی، ئاسن، مەرمەڕی ڕوون، بەردی پۆزۆلان، ئاسنرفێن، زێڕ، گرانیت، دووانەی ئۆکسیدی سیلیکۆن، مەنگەنێز، خوێ، بەردەپێ، تیتانیۆم و گەچ) سەرچاوەیەکی دیکەی فرە گرینگی سەرمایە لە کوردستان پێک دەهێنن. تەنیا لە پارێزگای کوردستان ۳۴۰ کانگا هەیە کە توانای دەرهێنانی ۵۸۹ ملیۆن تۆنیان هەیە، کە لە ئێستادا تەنیا ۱۸ ملیۆن تۆن دەردەهێندرێت. پارێزگای کرماشان یەدەگی کانگاکانی یەک ملیارد و ۷۰۰ ملیۆن تۆن، پارێزگای ئیلام یەدەگەکەی نزیکەی یەک ملیارد تۆن و پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا نزیکەی یەک ملیارد و ۲۰۰ ملیۆن تۆن یەدەگی هەیە (ڕێکخراوی پلان و بودجەی ئێران، ۲۰۲۰).

سەرەڕای ئەو هەموو سەرچاوە کانزاییەی پارێزگای کوردستان، ڕێژەی بەهای زیادەی کانگاکانی تەنیا ٪۱،۴ی کۆی بەهای زیادەی کانگاکانی ئێرانە (ڕێکخراوی پلان و بودجەی ئێران، ۲۰۲۰). زۆربەی کانگاکانی ڕۆژهەڵات لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە دەردەهێندرێن. ئەو کەرەستە خاوانەی لەم کانگایانە دەرهێنراون، لەبریی ئەوەی لە کەرتە ئابوورییە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتدا وەبەرهێنانیان بۆ بکرێت، دەگوازرێنەوە بۆ شارەکانی ناوەڕاستی ئێران. لەبەر هۆکاری ئەمنییەتی، ئاماری فەرمی لەو بوارەدا لە ئێران بڵاو ناکرێتەوە. بەڵام هێندێک ئاماری نافەرمی ئەو پرسە پشتڕاست دەکاتەوە. بۆ نموونە پارێزگاری پارێزگای کوردستان لە ساڵی ۲۰۲۲دا ڕایگەیاند کە تەنیا ٪۳ی قازانجی وەبەرهێنان لە کەرتی کانگاکان لەو پارێزگایە وەبەرهێنراوەتەوە، لە کاتێکدا ٪۹۷ی ئەو داهاتە پارێزگاکەیان بەجێ هێشتووە (ئاژانسی هەواڵی مێهر، ۲۰۲۲). نموونەیەکی ئاشکرای ئەو دۆخە لە کانگاکانی زێڕی شاری تیکاب کە دەکەوێتە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا، بەدی دەکرێت. تیکاب ٪۳۸ی بەرهەمی زێڕ لە ئێراندا پێک دەهێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا وەک یەکێک لە هەژارترین شارەکانی ئەو وڵاتە ماوەتەوە. بە وتەی نوێنەری خەڵکی تیکاب لە پارلەمانی ئێران، زیادتر لە ٪۹۰ی قازانجەکانی کانگاکانی زێڕ، ئەو شارە بەجێ دەهێڵێت و دەنێردرێتە ناوچەکانی ناوەڕاستی ئێران (کانزاکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ۲۰۲۳).

**نەوت و گاز**

رۆژهەڵات خاوەنی سەرچاوەی بەرچاوی نەوت و گازە. نزیکەی ٤٪ی نەوتی ئێران و ١١٪ی یەدەگی گازی ئێران لە پارێزگای ئیلامە. کێڵگەی نەفت شەهر لە کرماشان نزیکەی ٧٠٠ ملیۆن بەرمیل یەدەگی نەوتی تێدایە. جگە لەوەش چەند کێڵگەیەکی دیکەی نەوت و گاز لە رۆژهەڵات دۆزراونەوە (ڕێکخراوی پلان و بودجەی ئێران، ٢٠٢٠). تاڵانکردنی سامانە سروشتییەکانی کوردستان، وەک نەوت و گاز، بە شێوازێکی وەکو تاڵانکردنی کانگاکان بەڕێوە دەچێت. ئەو سەرچاوانە بە شێوەی باو و بە خاوی لە رۆژهەڵاتەوە دەردەهێنرێن و دەگوازرێنەوە بۆ ناوچەکانی ناوەڕاستی ئێران. سەرەڕای هەبوونی ئەو جۆرە سەرچاوانە، فرۆشتنیان بە شێوەی خاو سوودی ئابووریی بۆ کوردستان نەبووە. بۆ نموونە ئیلام یەکێکە لە سەرچاوە هەرەبەرچاوەکانی نەوت و گازی ئێران، لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێک لە هاووڵاتیانی ئەو پارێزگایە دەستیان بە گازی سروشتی ڕاناگات و لە سوودەکانی بێبەشن. نموونەیەکی دیکە قیری سروشتیی کرماشانە. وەک باس کرا، زیادتر لە ٨٠٪ی قیری سروشتیی ئێران لە کرماشان دەردەهێنرێت. بەڵام نزیکەی هەموو ئەو بەرهەمە بەشێوەی خاو کرماشانی جێ هێشتووە و بە مەبەستی وەبەرهێنانی زیادتر لە پیشەسازییە جۆراوجۆرە کاندا، بۆ ناوچە کانی ناوە ندی ئێران دە گوازرێتەوە (ڕێکخراوی پلان و بودجەی ئێران، ٢٠٢٠).

## شکست لە وەبەرهێنان و کەڵەکەبوونی سەرمایە

وەک باس کرا، سەرچاوەکانی سەرمایەی رۆژهەڵات لەگەڵ هیچ ناوچەکانی ناوەڕاستی ئێران کە ناوچەگەلێکی پێشکەوتووترن، بەراورد ناکرێن. ئەوەش پرسیارێک دەورووژێنێت کە بۆچی رۆژهەڵات سەرەڕای ئەوەی خاوەنی سەرچاوەی سەرمایەی بەرچاوە، بەڵام گەشەنەکردنی دووقاتی ئابووریی بەرۆکی بەرنادات؟ پرۆسەی کەڵەکەکردنی سەرمایە و تاڵانکردنی کوردستان دەتوانێت بەرچاوروونییەک بێت بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە. ئێمە دەتوانین لە چوارچێوەی تیۆریی فرانک بۆ ڕوونکردنەوەی دۆخی رۆژهەڵات و لە هەمان کاتدا پەیوەندییە ئابووریی و سیاسییە تایبەتەکانی لەگەڵ ئێران کەڵک وەربگرین. ئێران رۆڵی "ناوەند" دەگێڕێت، لە کاتێکدا رۆژهەڵات "پەراوێز"ە. ئەو دینامیکەی ناوەند-پەراوێز ئەقڵانییەتی سیاسی-ئابوورییە کە ئێران لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ رۆژهەڵات سەپاندوویەتی (ئینتیسار ١٩٩٢؛ حەسەنیان & سۆهرابی ٢٠٢٢). لەو چوارچێوەیەدا، ئێمە لەجیاتی ئابووریی سەرمایەداریی جیهانیی کارامە، بەرهەمهێنانەوەی ئەقڵانییەتی ناوەند-پەراوێز لە ئاستی هەرێمیدا دەبینین، کە لەگەڵ پێکهاتەیەکی فارس-شیعە تێکەڵ کراوە. سەرەڕای زۆروزەبەندبوونی سەرچاوەی سەرمایە و توانای گەشەپێدانی زۆر، ئەو پەیوەندییانە بوونە هۆی بەردەوامیی گەشەنەکردنی کوردستان.

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی یارمەتیدەر بۆ دروستبوون و بەدەوامبوونی پەیوەندییەکانی ناوەند-پەراوێز لە رۆژهەڵات،

پرۆسەی کەڵەکەبوونی سەرمایەیە.
کەڵەکەبوونی سەرمایە بە دوو شێوازی سەرەکی ڕوو دەدات: کەڵەکەبوون لە ڕێگەی فراوانبوونەوە و کەڵەکەبوون لە ڕێگەی دەستدرێژییەوە. کەڵەکەبوون لە ڕێگەی فراوانبوونەوە کاتێک ڕوو دەدات کە بەرە جیاوازەکانی سەرمایەداری بەبێ وەلانانی کەرتەکانی دیکە گەشە بکەن. بەپێچەوانە، کەڵەکەبوون لە ڕێگەی دەستدرێژییەوە کاتێک ڕوو دەدات کە گەشەی ئابووریی بە وەلانانی کەرتەکانی دیکەی سەرمایە، بەرهەمهێنانی پێش سەرمایەداری، یان کەرتەکانی دەوڵەت مسۆگەر بکرێت. ئەو پرۆسەیە لەوانەیە زەوتکردن، وەدەستخستنی مڵک و بەرهەم لەژێر بەهای ئەوان، یان دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوە هاوبەشەکان لەخۆ بگرێت (پاتنایک، ٢٠٠٥). لە ڕوانگەی ئاندرێ گاندر فرانکەوە، کەڵەکەبوون لە ڕێگەی دەستدرێژیکردن بەتایبەت لە ئابوورییە پەراوێزخراوەکاندا، کە بەرفراوانبوونی سەرمایەداری بە دەرهێنانی سەرچاوە هەرێمییەکان و تواندنەوەی کەرتە ناسەرمایەدارییەکانەوە بەستراوەتەوە، شتێکی باوە. لە کۆتاییدا، ئەوە دینامیکی ناوەند-پەراوێز بەهێز دەکات، سامان لە ئابوورییە باڵادەستەکاندا چڕ دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا نایەکسانی و بێدەسەڵاتی لەنێوان گرووپە پەراوێزخراوەکاندا توندتر دەکات. وەک لە بەشی پێشوودا باس کرا، توێژینەوە کوردییە جۆراوجۆرەکان (ئینتیسار ١٩٩٢؛ حەسەنیان & سۆهرابی ٢٠٢٢؛ محەممەدپوور & سولەیمانی ٢٠٢٣) جەختیان لەسەر تالانکردنی سیستماتیکی سەرچاوەکانی سەرمایە لە ڕۆژهەڵات لەلایەن ئێرانەوە کردووە. ئەو پرۆسەیە هۆی گەشەی ئابووریی “ناوەند“ی ئێران و لە هەمان کاتدا گەشەنەکردنی ڕۆژهەڵات بووە. کەڵەکەبوونی سەرمایە لە ڕێگەی چەوساندنەوەی سامانەکانەوە ئابووریی ناوەوەی ئێرانی بەهێز کردووە. بە پێچەوانە، کەمبوونەوەی سەرچاوەی سەرمایە لە ڕۆژهەڵات بووەتە هۆی دابەزینی ئابووریی-کۆمەڵایەتی و تێکچوونی بژێوی هەرێمی.

کەڵەکەبوونی سەرمایە دیاردەیەکە کە بووەتە هۆی دروستبوونی دۆخێکی نالەباری ئابووریی لە کوردستان، کە بەشێوەیەکی کاریگەر ئەوی کردووەتە "ئابووریی پەراوێز" لە ئێران. بەپێچەوانەی ناوچەکانی ناوەڕاستی ئێران، ڕۆژهەڵات کەڵەکەبوونی سەرمایەی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینیوە. بەپێی ئامارە فەرمییەکانی ساڵی ٢٠١٩، پشکی کەڵەکەبوونی سەرمایە لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا ٢،١٢٪، لە پارێزگای ئیلام ٠،٧٤٪، لە پارێزگای کوردستان ١،٠١٪و پشکی کەڵەکەبوون لە پارێزگای کرماشان ١،٨٢٪ بووە. ئەوە لە کاتێکدایە کە هەر لەو ساڵەدا پشکی پارێزگای ئیسفەهان ٧٪ و پارێزگای تاران بەرزترین پشکی هەبووە کە گەیشتووەتە ٢٧،٢٪ی کۆی کەڵەکەبوونەکە. لە پارێزگای کوردستان کەڵەکەبوونی سەرمایە لەو کەرتانەدا ڕووی داوە کە کەمتر پەیوەندییان بە گەشەسەندنی ئابوورییەوە هەیە. بەتایبەتی ٥٩٪ی کۆی کەڵەکەبوونی سەرمایە لە پارێزگای کوردستان هیی کەرتی بیناسازی بووە، لە کاتێکدا ٣٣٪ پەیوەندی بە کەرتی

مەکینەکارییەوە هەبووە. لە بەرانبەردا کەرتی پیشەسازی تەنیا ٪٥ی کەڵەکەبوونی سەرمایەی بەخۆیەوە بینیوە. کەڵەکەبوونی سەرمایە لە کەرتی کانگادا بۆ باسکردن نابێت. هەمان دۆخ لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاواش حاکمە، کە ٪٦٠ی کەڵەکەبوونی سەرمایە بۆ کەرتی بیناسازی دەگەڕێتەوە (ڕێکخراوی پلان و بودجەی ئێران، ٢٠٢٠).

بەڵام لە کەرتی پیشەسازیی ئەو پارێزگایە، کەڵەکەبوونی سەرمایە دەگاتە ٪٣٥ کە تا ڕادەیەک لە بەشەکانی دیکەی ئێران باشترە. لێرەش کەڵەکەبوونی سەرمایە لە کەرتی کانگادا نزیکەی سفرە. لە پارێزگای ئیلام ٪٦٦ی کەڵەکەبوونی سەرمایە لە کەرتی بیناسازیدا چڕ بووەتەوە. بەداخەوە کەڵەکەبوونی سەرمایە لە کەرتی پیشەسازی و کانزاکانی ئەو پارێزگایەدا نەرێنی بووە (ڕێکخراوی پلان و بودجەی ئێران ٢٠٢٠؛ ناوەندی ئاماری ئێران ٢٠٢١ج). وەبەرهێنان لە پیشەسازیی، کانگا، گواستنەوە و بازرگانی و کەرتەکانی دیکەدا بناغەی کەڵەکەبوونی سەرمایە پێک دەهێنێت. نایەکسانیی وەبەرهێنان دەکرێت بە سەرنجدان بە ژمارەی کارخانەی پیشەسازیی بچووک و گەورە لە هەر پارێزگایەکدا، وەک پێوەری بری وەبەرهێنان هەڵسەنگێندرێت. ژمارەی کارخانەی پیشەسازیی بچووک و گەورە لە ناوچە کوردستانییەکان (کە لە چوار پارێزگا پێک هاتووە) ٤٧٤٧٠ دانەیە؛ لە ئیسفەهان ٧٠ هەزار، لە یەزد ٨٠ هەزار و لە سێمنان ١٢٨ هەزار دانەیە (ناوەندی ئاماری ئێران ٢٠٢١د). بێجگە لەوەش ژمارەی بینا پیشەسازییەکانی لە ناوچە کوردییەکان (چوار پارێزگا) ٢٩٣٤ بینایە، لە کاتێکدا لە پارێزگای ئیسفەهان ٧٠١٠ بینا و پارێزگای تاران ٦٠٥٦ بینای هەن (ناوەندی ئاماری ئێران ٢٠٢٢).

بەپێی ئامارە فەرمییەکانی ساڵی ٢٠١٩، وەبەرهێنانی نیشتمانی لە پارێزگای کوردستان بری ١٨٠ ملیۆن دۆلار بووە. لە پارێزگای کرماشان ٢٣٠ ملیۆن دۆلار، لە پارێزگای ئیلام ٩٦ ملیۆن دۆلار و لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاواش ٢٩٠ ملیۆن دۆلار وەبەرهێنانی تێدا کراوە. لەبەرانبەردا، لە پارێزگای تاران ٣ ملیار دۆلار، لە پارێزگای فارس ٥١٠ ملیۆن دۆلار و لە پارێزگای ئیسفەهان ٤٦٠ ملیۆن دۆلار وەبەرهێنانیان تێدا کراوە. زۆربەی ئەو وەبەرهێنانانە بۆ کەرتی بیناسازی (٪٤٦)، پاشان مەکینە (٪٢٥) و کشتوکاڵ (٪٢٠) تەرخان کراوە. بەگوێرەی ئاماری ڕێکخراوی پلاندانان و بودجەی ئێران، زۆربەی ئەو وەبەرهێنانانە بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی ئاو تەرخان کراون، لەپێش هەموو شتێکدا بۆ دروستکردنی بەنداو بۆ گلدانەوەی ئاو و گواستنەوەی ئاوی نێوان حەوزەکان (ڕێکخراوی پلاندانان و بودجەی ئێران، ٢٠٢٠).

لە بەرانبەردا، وەبەرهێنان لە کانگاکاندا کە بەشێکی بەرچاو لە ئابووریی کوردستان پێک دەهێنن، نزیکەی سفر بووە. وەبەرهێنان لە کەرتی کانگا لە پارێزگای کوردستان تەنیا ٪٠،٠٠٨ی کۆی وەبەرهێنانەکان بووە. بە هەمان شێوە کەمترین وەبەرهێنان لە کەرتی گواستنەوەدا کراوە (٪٠،٠٠٤). لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا، کۆی گشتیی وەبەرهێنانەکە ٣٧٧

ملیۆن دۆلار بـــووە. لەو بـــڕە پارەیە ٦١٪ی پەیوەنـــدی بە کەرتی بیناســـازییەوە هەبووە، لەکاتێکـــدا ٣٧٪ی بۆ کەرتی پیشەســـازی تەرخان کـــراوە. کەرتـــە ئابوورییەکانی دیکە کەمتر لـــە ١٪ی وەربەرهێنانیان بەر کەوتووە. دۆخەکە لـــە پارێزگاکانی ئیلام و کرماشـــان هاوشـــێوەیە، کە زۆربـــەی وەبەرهێنانەکان لە کەرتی پیشەســـازیدا لەســـەر مەکینەکان کراوە، لە کاتێکـــدا وەبەرهێنان لە کەرتەکانی وەک قوماش، بەرهەمـــە کانزاییەکان و ماددە شـــیمیاییەکان لەژێر ١٪ بـــووە (ڕێکخراوی پلان و بودجەی ئێـــران، ٢٠٢٠).

## پێشخستنی پیشەسازیی چەوسێنەر

پێشخســـتنی پیشەســـازییە چەوسێنەرەکان سیاســـەتێکی دیکەیـــە کـــە حکوومەتی ناوەنـــدی لە مێژووی مۆدێـــرن بۆ تاڵانکردنی ســـەرمایەی کوردســـتان ڕەچاوی کردووە. پیشەســـازییە چەوســـێنەرەکان بەو کەرتە ئابوورییـــە بەرفراوانانەی وەک پترۆشـــیمی، کانـــگا، نـــەوت و گاز دەگوترێ کـــە لەناو کۆمەڵگـــە ڕەســـەن و پەراوێزەکاندا لەپێش هەموو شتێکدا بۆ چەوســـاندنەوەی ئابووریی دامـــەزراون. ئـــەو پیشەســـازییانە زۆرجار نیگەرانییەکانـــی ژینگەیـــی، کۆمەڵایەتی-کولتـــووری، ئابووریـــی و سیاســـیی ئـــەم کۆمەڵگەیانە پشـــتگوێ دەخـــەن (فرانکێما & بویلێـــن ٢٠١٣، ل. ٢). پیشەســـازییە چەوســـێنەرەکان ئەو پیشەســـازییانەن کە بۆ گەشەپێدان و گەشـــەی ئابووریی هەرێمێک دانەمەزراون. مەبەســـت لە دامەزراندنی ئەوان دروســـتکردنی زنجیرەیەکی پیشەسازییە بۆ تاڵانکردنی ســـەرچاوەکانی سەرمایە، گۆڕینی کەرەســـتەی خاو بۆ کەرەستەی پیشەسازی، گواســـتنەوەیان بۆ ناوەند و ئاراســـتەکردنی قازانـــج و بەهـــای زیـــادە بـــۆ ئەوێـــە. بەگشـــتی ئەو پیشەســـازییانە ڕێخۆشکەری چەوســـاندنەوەی ناوچەکانـــی پەراوێزن. بە شـــێوەی باو ، ئەو پیشەســـازییانە لەلایەن "ناوەنـــدەوە" لـــە ناوچەکانـــی پەراوێـــز بۆ دەرهێنانی کەرەســـتەی خاو و گواستنەوەیان بـــۆ "ناوەند" یـــان دروســـتکردنی ژێرخانی پێویســـت بۆ گۆڕینی کەرەســـتەی خاو بۆ شـــێوازێکە کە گواســـتنەوەی مومکین بێت. ئەو شـــێوە کارە لە ڕۆژهەڵاتیشدا دیارە. وەک باس کـــرا، زۆرێک لەو کەرەســـتە خاوانەی لە کانگاکانی کوردســـتان دەردەهێندرێن بۆ دەرەوەی کوردســـتان دەگوازرێنەوە. بەڵام ئەو گواســـتنەوەیە دەتوانێت تێچووی ئابووریی بۆ دەوڵەت دروســـت بـــکات و ڕەنگە هێندێک جار ئەوە بەپێچەوانـــەی ئەقڵانییەتی زاڵبوون بێـــت. بۆیە، لە دوو دەیەی ڕابـــردوودا گۆڕانی سیاســـەت بەرەو پەرەپێدانی پیشەسازییەکانی پەیوەندیـــدار بـــە کانگاکانی نـــاو ڕۆژهەڵات ڕووی داوە (ڕێکخراوی پلان و بودجەی ئێران، ٢٠١١، ٢٠١٧).

دەوری پیشەســـازییە چەوســـێنەرەکان، گۆڕینی کانزا خاوەکان بۆ کەرەســـتەی ئەوتۆن کـــە بکرێ لـــە کارخانە پیشەســـازییەکانی دەرەوەی ڕۆژهەڵاتـــدا کەڵکیان لێ وەربگیرێت. ئەو پرۆســـەی گواســـتنەوەیە ســـاکارترە و کاتێک کەرەســـتەکە دەنێردرێـــت بۆ ناوەند، بـــە تێچووی کەمتر جێبەجـــێ دەکرێت. ئەو هەڵسوکەوتە تەنیا پیشەسازییەکانی کانگاکان ناگرێتەوە، بەڵکو بۆ ســـامانەکانی نەوت و گاز بەتایبەتـــی لە ئیلام و کرماشـــان و هەروەها پیشەســـازیی خۆراکیشـــدا ڕەچاو دەکرێت. بێجگە لەوەش، قازانجی ســـەرمایە و زیادەی ئەو پیشەسازییە چەوســـێنەرانە بە دەگمەن

لە ڕۆژهەڵات وەبەرهێنانی بۆ دەکرێنەوە و زۆربەی هەرەزۆری دەگوازرێنەوە بۆ دەرەوەی ناوچەکە. لە کاتێکدا کەڵەکەبوونی سەرمایە لە پیشەسازییە چەوسێنەرەکاندا دەتوانێت لە چوارچێوەی دیکەدا یارمەتیدەری گەشەپێدان بێت، بەهۆی گواستنەوەی زیادە و قازانجەکەیانەوە بۆ ناوەند، کەڵەکەبوونی سەرمایە لە کوردستاندا ڕوو نادات. فرانک (١٩٧٩) ئاماژەی پێ کردووە کە کەڵەکەبوونی سەرمایە هێزی پاڵنەری گەشەسەندنی ئابوورییە. بەڵام ئەقڵانییەتی ناوەندی ئێران ڕێگری لە کەڵەکەبوونی سەرمایە لە ڕۆژهەڵات دەکات و دەستکەوتەکانی ئەو جۆرە پیشەسازییانە دەنێردرێت بۆ ناوەند. قازانج و سەرمایەی زیادەی دەرهێنراو لە ڕۆژهەڵات بەشێوەیەکی ئاسایی لە ناوچەکانی ناوەڕاستی ئێران، وەک تاران، ئیسفەهان، مەرکەزی و یەزد وەبەرهێنانی پێ دەکرێت. لەگەڵ تێپەڕینی کات، سەرچاوەی سەرمایەی ڕۆژهەڵات وردەوردە کەم بووەتەوە و ئابوورییەکی خاپوورکراوی لێ کەوتووەتەوە.


## بەرهەمهێنانی پەرگالی بەستراوەبوونی پێکهاتەیی لە کوردستان

دروستکردن و بەرهەمهێنانەوەی وێرانشاری ئابووریی لە ڕۆژهەڵات ژیانی ئابووریی تاکەکانی کوردی وێران کردووە و بووەتە هۆی سەرهەڵدانی شێوازی جۆراجۆری چەوساندنەوە و سەرکوتی ئابووریی (سولەیمانی & محەممەدپوور، ٢٠٢٠ب). ئەو کاولکارییە ئابوورییە لە جێبەجێکردنی ئەقڵانییەتی کۆلۆنیالیستیی ئێران لە ڕۆژهەڵات و تاڵانکردنی سەرچاوەکانی سەرمایەی کوردستان بۆ سەپاندنی پەیوەندییەکانی ناوەند-پەراوێز سەرچاوە دەگرێت. بەدرێژاییی ئەو پرۆسەیە تاکی کورد بەرگەی جۆرە جیاوازەکانی سەرکوتی ئابووریی گرتووە. ڕیشەی سەرەکیی ئەو سەرکوتە ئابوورییە ئەو سەرکوتە مێژوویی و سیاسییەیە کە لە ئاستی وڵاتی ئێراندا بەڕێوە دەچێت. ئەو کێشەیە زیادتر دیاردەیەکی دەرەکییە تا ناوخۆیی. فرانک (٢٠١٤) دەڵێت کە گەشەنەسەندنی وڵاتانی پەراوێز و خراپیی بارودۆخی ئابووریی کێشەی ناوخۆیی نین، بەڵکو لە لایەن هێزە دەرەکییەکانەوە بەسەر ئەو کۆمەڵگەیانەدا دەسەپێندرێت. ئەوەش بەو مانایەیە کە گەشەسەندنی ئابووریی پرسێکی ناوخۆییە نەک دەرەکی. بۆیە گەشەسەندنی ئابووریی کۆمەڵگەیەکی پەراوێزخراو تەنیا بە گەشەپێدانی ئابووریی، سیاسی و پێکهاتەکانی کۆمەڵایەتیی ناوخۆیی مسۆگەر دەکرێت. لە ئاکامدا، هۆی دۆخی ئابووریی گەشەنەسەندوو لە ڕۆژهەڵات، پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ ئێرانە (ئینتیسار ١٩٩٢، حەسەنیان & سۆهرابی ٢٠٢٢). ئاکامی ئەو پەیوەندییە چەوسێنەرانە، گۆڕینی ڕۆژهەڵات بۆ خاکێکی کۆلۆنیکراو و ئابوورییەکی خاپوورکراوە (بڕوانە وێنەی ١).

ئەو دۆخە بووەتە هۆی چەوساندنەوەی ئابووریی تاکی کورد و لە ئاکامدا نامۆبوونی لە شوناسی خۆی و واتای ژیان. لەگەڵ بوونی ڕۆژهەڵات بە "پەراوێزی" ئابووریی ئێران، وردە وردە پێکهاتە کوردییەکانی دیکەش لەناو دەچن. ئەو پرۆسەیە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی پێکهاتەی ئەوتۆ کە بە ناوەند بەستراونەوە. ئەو بەستراوەییە پێکهاتەییە ڕەگی لە توخمی شوناسی ئەوتۆدان کە لەگەڵ بەشە سەرەکییەکانی شوناسی کوردستاندا بەریەک دەکەون. بە تێپەڕبوونی کات، هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتە

وێنەی ١

**ئەو مێکانیزم و پرۆسانەی بوونە هۆی گەشەنەکردنی ڕۆژهەڵات**




ئابووریی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان و پڕکردنەوەی جێگەیان بە پێکهاتەی دەرەکی و نامۆ، دەتوانێت شوناس و کولتوور و سیاسەتی کوردستان بشێوێنێت. ئامانجی ئەو گۆڕینی پێکهاتەییەی ڕۆژهەڵات لە لایەن ”ناوەند“ (دەوڵەتی ئێران) تەنیا چەوساندنەوەی ئابووری نییە. بەڵکو ئامانجی کۆتایی هەڵوەشاندنەوەی پەرگالی پێکهاتەیی ڕۆژهەڵات و دامەزراندنی پەرگالێکی نوێی بەستراوە بە "ناوەندە" کە لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە بەئاسانی کۆنترۆڵ بکرێت و بەڕێوە بچێت.

تاڵانکردنی سامانەکانی سەرمایە، بووەتە هۆی سەرهەڵدانی پێکهاتەی چەوسێنەر لە کوردستان، کە لە پیشەسازییەکانی گۆڕینی چەوسێنەرەوە دەردەکەوێت. ئامانجی کۆتایی ئەقڵانییەتی هێژەموونیخوازی ئێران لە چەوساندنەوەی ئابووری ڕۆژهەڵات تەنیا بە تاڵانکردنی سەرچاوە سەرمایەییەکانی کۆتایی نایەت. ئەگەرچی ڕەنگبێ ئەوە ئامانجی کۆتایی بێت، بەڵام دەرەنجامەکانی ئەو کردەوە کۆلۆنیالیستییە لە چەوساندنەوەی ئابووری بەولاوە دەچێت. هاوکات لەگەڵ ئەو پێکهاتە ئابوورییانە، پێکهاتەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دروست دەبێت کە وابەستەی سیستەمی چەوسێنەری ”ناوەند“ بێت. ئەقڵانییەتی بەستنەوەی کۆلۆنیالیستی هێندە بەرفراوان بووە کە هێندێک توێژی کۆمەڵگەی کوردی کردووە بە ئامرازی جێبەجێکردنی سیاسەتە چەوسێنەرەکانی "ناوەند" لە کوردستاندا. دروستکردنی تاقمی سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتیی ”ناوەند“خواز لە ڕۆژهەڵات، نوێنەرایەتیی

ڕەهەندەکانی ئەو سیاسەتانە دەکات. لێرەدا ئامانجی سەرەکی، هەڵوەشاندنەوەی شوناس و بوونی کوردە، بە تاڵانی ئابووری و سەرمایە وەک ئامرازێکی ستراتیژیک بۆ گەیشتن بەو ئامانجە. لەناوبردنی پەرگالی پێکهاتەییی کۆمەڵگەی کوردی، گرینگترین فاکتەری بنبڕکردنی ناسنامەی کوردییە. سیاسەتەکانی گەشەپێدان لە ئێران، بەتایبەتی بەرنامەکانی گەشەپێدانی پێنج ساڵە، بەو ئامانجە داڕێژراون. ئەو بەرنامە و سیاسەتانەی گەشەپێدان، دەرهێنان و گواستنەوەی سەرچاوەکانی سەرمایەی کوردستان (وەک کانگاکان، سامانە ژێرزەوییەکان و سەرچاوەکانی ئاو) بۆ ناوچەکانی ناوەڕاستی ئێران، لە هەمان کاتدا بە پشتگوێخستنی بەئانقەستی گەشەپێدانی پیشەسازی، گەشەپێدانی کشتوکاڵی، پەرەپێدانی گواستنەوە و بوارەکانی دیکە، ئەولەوییەتی پێ دەدرێت (ڕێکخراوی پلان و بودجەی ئێران، ٢٠٠٥، ٢٠١١، ٢٠١٧).

سەرهەڵدانی بورژوازییەکی وابەستەی کوردیش لەم ڕوانگەیەوە جێگای مشتومڕە. فرانک (٢٠١٣) ئاماژەی کردووە کە بورژوازیی نەتەوەیی لە وڵاتانی پەراوێزدا بەگشتی دەبێتە ئامرازێک بۆ کاراترکردنی ئەقڵانییەتی چەوسێنەری "ناوەند". بە بۆچوونی فرانک بورژوازیی نەتەوەیی توانایی پێویست بۆ گەشەپێدانی نییە. ئەو پێی وایە بورژوازیی نەتەوەیی پشت بە پەیوەندییە چەوسێنەر-سەرمایەدارییەکان دەبەستێت و سەربەخۆ نییە. ئەگەرچی لە کوردستان ناتوانین بەوردی ناوی چینێک بە ناوی بورژوازیی نەتەوەیی بهێنین، بەڵام بەشێک لە سەرمایەدارە کوردەکان هەمان ڕۆڵیان لە پەیوەندییە ئابووری-سیاسییەکانی نێوان ئێران و کوردستاندا هەبووە (عەلی & کەریمی، ٢٠٢٣). بەشێک لە سەرمایەدارە کوردەکان کە بە چەوساندنەوەی سامانەکانی سەرمایەی کوردستان سەرمایەیان کەڵەکە کردووە، سەرمایەکەیان بردووەتە دەرەوەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵات و لە ناوچە جیاوازەکانی ئێران وەبەرهێنانیان پێ کردووە. بێجگە لەوەش هێندێک سەرمایەدار لە خزمەت ئەقڵانییەتی ”ناوەند“دا بوون و بوونەتە ڕێخۆشکەری دەرهێنان، گۆڕین و تاڵانکردنی سەرچاوەکانی سەرمایەی کوردستان. ڕۆڵی ئەم تاقمە لە دۆخی خراپی ئابووریی کوردستان و پێکهاتنی خاپووربوونی ئابووریدا بەرچاو بووە. ئەو تاقمە سەر بە ناوەندە و بە ئاشکرا ملکەچی بەرژەوەندییە ئابووریی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەقڵانییەتی هێژمۆنیخوازی ناوەند لە ڕۆژهەڵاتە.

## دەرەنجام

گەشەکردنی مودێرنیتە و سەرهەڵدانی سەرمایەداری لە ئێران، کە هۆی سەرەکییەکەی دۆزینەوەی نەوت بوو، بووە هۆی گەشەی ئابووریی و گەشەکردنی زیادتر لە "ناوەند". بێجگە لەوە، ناوچەکانی وەک کوردستان کە لەگەڵ گوتاری ئەتنیکی-ئایینیی حکوومەتی ناوەندیدا نەدەگونجان، نەیانتوانی سوود لەو سامانانە وەربگرن. بێجگە لەوەش، سەرەڕای سەرچاوەی سەرمایەی زۆروزەبەند، ڕۆژهەڵات بۆ دۆزینەوەی بواری گەشەکردن تووشی چەرمەسەری بووە. حکوومەتی ناوەندیی ئێران بە ڕەچاو کردنی سیاسەتی جۆراوجۆری وەک پێشخستنی پیشەسازیی چەوسێنەر، تاڵانکردنی کانگاکان، تاڵانی سەرمایە و بێکاری نەک هەر ڕێگری پرۆسەی گەشەسەندنی کوردستان بووە، بەڵکو ئەوی تووشی دۆخێکی وێرانشاری

کـــردووە. ســـەرەڕای هەبوونی ســـەرچاوەی ســـەرمایەی لەبار، ڕۆژهەڵات خاوەنی بەرزترین ڕێژەی بێـــکاری لە ئێرانە. پرۆســـەی تاڵانی ســـەرمایە و ئەو میکانیزمانەی هاتنە بەرباس، تاکـــی کوردیان لـــە تێوەگلان لـــە دەرفەتە ئابوورییەکان بێبـــەش کردووە. بـــۆ نموونە، ئەگەرچـــی پارێـــزگای کوردســـتان خاوەنی نزیکـــەی ٨،٥٪ی ســـەرچاوە کانزاییەکانی ئێرانـــە، بـــەڵام پشـــکی دامەزرانـــدن لە چوارچێوەی ئەو پیشەســـازییەدا لە پارێزگای کوردســـتان لە ٠،٥٪ کەمترە (ڕێکخراوی پلان و بودجەی ئێـــران، ٢٠٢٠).

وەک بـــاس کـــرا، گوتـــاری فارســـی-شـــیعی، وەک گوتاری زاڵ کـــە پێکهاتەی خاوەن دەســـەڵاتی سیاســـی-ئابووریی ئێرانە، بەشـــێوەیەکی سیســـتەماتیک ســـامان و ســـەرمایەی بەرەو "ناوەند" ئاراســـتە کردووە و لە هەمان کاتـــدا ناوچـــە پەراوێزەکانی وەک ڕۆژهەڵاتـــی پەراوێز خســـتووە و ڕێگریی لە تواناییەکانیـــان بۆ کەڵەکەکردنی ســـەرمایە کـــردووە. ئـــەو دووانەییـــە، دژوازییەکی بنەڕەتـــی لەناو سیســـتەمی دەســـەڵات و وەبەرهێنانی وڵاتدا پیشـــان دەدات، کە درێژە بە بەرهەمهێنانەوەی نایەکســـانیی پێکهاتەیی دەدات. ئـــەو ڕەوتە تەنیا ئابـــووری ناگرێتەوە، بەڵکو گوتـــار و کولتووریـــش لەخۆ دەگرێت. ئەو پەیوەندییـــە ناهاوســـەنگانە دەرەنجامی پرۆســـەیەکی مێژوویی جێگیرکـــراون. لەناو پێکهاتەیەکی لەو شـــێوەیەدا، گەشەنەکردنی ناوچەکانـــی پەراوێز شـــتێکی بەهەڵکەوت نییە، بەڵکو ئاکامی بەئانقەســـتی سیستەمێکە کە بـــە ئەقڵانییەتـــی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆیی بەڕێـــوە دەچێـــت. کۆلۆنیالیزمـــی ناوخۆیی بـــە مانـــای چەوســـاندنەوەی سیاســـی، ئابووریـــی و کولتووریی هێندێـــک ناوچەی دیاریکراو لەلایـــەن ناوەندێکی باڵادەســـتە، هاوشـــێوەی ئەو میکانیزمانەی کە دەسەڵاتە کۆلۆنیالیســـتییەکانی دەرەکی، ســـامانەکانی وڵاتـــە کۆلۆنیکراوەکانیان تـــاڵان دەکرد. ئەو بـــە تاڵانبردنـــە دەرهێنانی ســـامانە مرۆیی، سروشـــتی و ئابوورییەکانـــی ڕۆژهـــەڵات و ئاراســـتەکردن و دابەشـــکردنەوەیان بۆ ناوەند دەگرێتەوە.

بێجگە لەوەش، ســـەرکوتی سیاســـی و کۆمەڵایەتـــی میکانیزمگەلێکن بـــۆ درێژەدان بەو پەرگالە نایەکســـانە. بەردەوامیی زاڵبوونی گوتاری ناوەند بە ڕێکخســـتنی زمان، کولتوور، پەروەردە و میدیـــاوە دەپارێزرێت، لە کاتێکدا دەنگە ژێردەســـتەکانی ناوچەکانی پەراوێزخراو کپ دەکرێـــن. نەبوونی وەبەرهێنان، تێکچوونی ژێرخانی ئابووریی و سەپاندنی پیشەسازییەکانی دەرهێنـــان واتـــە ئـــەو پیشەســـازییانەی قازانجەکانیان لە ناوچەکەوە دەبردرێنە دەرەوە، ئەو ناهاوســـەنگییە زیادتر دەکەن. لە ئەنجامدا ئابووریی ناوەند بەهێز دەبێـــت، بەڵام پەراوێز زۆرتر لە دۆخی گەشەنەســـەندوویی بەردەوامی خۆیدا ڕۆدەچێت.

ئەقڵانییەتی ناوەند-پەراوێزی زاڵ بە ســـەر ڕۆژهەڵاتد جیـــاوازە لـــە ڕوانگەکانی فرانک (٢٠١٣) و ئەمیـــن (١٩٧٤). فرانـــک جەخت لەســـەر سروشـــتی ئابووریی پەیوەندییەکانی ناوەند-پەراوێـــز دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشـــدا وێدەچێـــت کـــە ئـــەو پەیوەندییانـــە لە ڕۆژهەڵاتدا تەنیا بـــە پەیوەندییە ئابوورییەکان کۆتایـــی نەیەت. ئەقڵانییەتـــی ناوەند-پەراوێز لە بەرانبەر ڕۆژهەڵاتدا سروشـــتێکی سیاسی-ئایدیۆلۆژیکی (ئینتیســـار ٢٠٠٩)، کولتووری-زمانـــی (محەممـــەدی & کیانپـــوور ٢٠٢٣ ؛ محەممەدپـــوور ئەوانـــی دیکـــە ٢٠١٧) و،

ژینگەیی (حەسەنیان & سۆهرابی ٢٠٢٢) دەگرێتەوە، لە کاتێکدا کە ئابووریشن. پەیوەندییەکانی ناوەند-پەراوێز نەک تەنیا زەرەر بە پێکهاتەی گشتیی کۆمەڵگەی کوردی دەگەیەنن، بەڵکو بوونە هۆی لەناوبردنی تاکی کورد لە چەند تویێ جیاوازدا. زۆرێک لە پیشەسازییە چەوسێنەرەکانی باو لە کوردستان، وەک پیشەسازیی گۆڕینی کەرەستەی خاو، پێیان باشترە هێزی کار لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانەوە هاوردە بکەن. ئەو پیشەسازییانە کرێکاری ئەوتۆ دەخوازن کە هاوتەریبی ئامانجە چەوسێنەرەکانیان بن و، گریمانە دەکرێت کە کرێکارە ناکوردەکان بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ئامانجانە توانایی زۆرتریان هەبێت. سیاسەتی "بەرهەمهێنانی بێکاریی" ستراتێژییەکی دیکەیە کە "ناوەند" بۆ لەناوبردنی هاوکاتی تاکی کورد و پێکهاتەی ئابووریی کوردستان کەڵکی لێ وەردەگرێت. بێکاری تەنیا پرسێکی ئابووریی نییە، بەڵکو بەشێکی زنجیرەی بەرهەمهێنانی وێرانکەرە. ئەو سیاسەتە دۆخی ئابووریی نالەبار بۆ کورد دروست دەکات و ئەوان بۆ چەساندنەوە لە لایەن ناوەندەوە ئامادە دەکات. کرێکارانی کورد هان دەدرێن بۆ شارە مەزنەکانی وەک تاران کۆچ بکەن، لە ئاکامدا ئەو ناوچانە گەشە دەکەن، لە کاتێکدا ڕۆژهەڵات بە گەشەنەکردوویی دەمێنێتەوە. ئەو سیاسەتە لە خزمەت چەوساندنەوەی هێزی کاری کوردستان و دوورخستنەوەیان لە کوردستانە، کە دەبێتە هۆی پێشگرتن بەو ئاسەوارە سیاسی و کۆمەڵایەتییانە کە دەبنە بەربەست بۆ پرۆسەی کۆلۆنیکردن و خاپوورکردنی کوردستان.

ویدەچێ ئامانجی کۆتایی ئەقڵانییەتی دەسەڵاتداریی "ناوەند" بە سەر کوردستاندا لە دەوری هەمان پرسدا بخولێتەوە. ئەو کوردانەی وێدەچێت لەگەڵ ئایدۆلۆژیای کۆلۆنیالیزمی حکوومەتی ناوەندیدا نەگونجێن، یان بە سیاسەتی "بەرهەمهێنانی بێکاری" لە بژیوی خۆیان لە ڕۆژهەڵات بێبەش دەکرێن یان وەک کۆچبەری ئابووری دەنێردرێنە ناوچەکانی ناوەندی ئێران. ئامانجی ئەو سیاسەتە ئەوەیە لە ڕێگەی تاکتیکی ئابوورییەوە "بابەتە ئابوورییە ناتەباکان لەگەڵ ناوەند ئاسایی بکاتەوە". هاوکات ژینگەی ئابووریی، سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستان وێران بووە. بۆیە "ناوەند" نەتەنیا کۆنترۆڵی جووڵانەوەی جەماوەریی کورد دەکات، بەڵکو دەستدرێژی دەکاتە سەر دۆخی ژیانی ئەوانیش. لە ڕاستیدا "دۆخ" بووەتە ئامرازێک بۆ هەڵوەشاندنەوەی بزووتنەوە جەماوەرییەکان و هەوڵدان بۆ "مەرگی شوناسی کورد". لەو کاتەدا "دۆخی کۆلۆنیکراو" پەرگالی پێکهاتەیی لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا هەڵوەشاندووە.

ئەو کێشەیە لە جۆرەکانی دیکەی چەوساندنەوەدا دەردەکەوێت. بە تاڵانکردنی سەرچاوەکانی سەرمایە، دامەزراندنی پیشەسازیی چەوسێنەر، بەرهەمهێنانی بێکاری و دەرکردنی هێزی کار لە کوردستان، تاکی کورد بایەخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووریی لێ دەسەندرێنەوە و تەنیا دەکرێنە "جەستەی زیندوو". ئەو پرسە کە لە ڕۆهەڵات وەک دۆخی نایاسایی لەئارادایە (محەممەدپوور، ٢٠٢٤)، بە ئەقڵانییەتی "ناوەند" و سیاسەتە کۆلۆنیالیستی و چەوسێنەرەکانی جێبەجێ کراوە. ئەو وێرانکارییە بە تاڵانکردنی سەرچاوەکانی سەرمایە، دامەزراندنی پیشەسازیی چەوسێنەر، بروەدان بە بێکاری و ئاوارەکردنی زۆرەملێی

کرێکاران لە کوردستان ڕووی داوە. بەدرێژاییی ئەم پرۆسەیە، دانیشتووانی کورد بایەخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووریی خۆیان لەدەست داوە و تەنیا بوونەتە "جەستەی زیندوو".

## پەراوێزەکان:

لە ئاگۆستی ١٩٧٩، دوای شەڕ و پێکدادانی قورس لەگەڵ سوپای پاسداران، کوردان پاوەیان گرتەوە کە شارێکی نزیک سنووری عێراقە. ئەو ڕووداوە بووە هۆی دەستپێکی سوورێکی درێژمەودای شەڕ، کێشە و دانوستان لەنێوان کوردان و هێزەکانی دەوڵەتی، کە چەند ساڵی خایاند. دوای شەڕی پاوە، ئایەتوڵڵا خومەینی حوکمی جیهادی دژی کوردان دەرکرد. فەرمانێکی وروژاندن لە لایەن ئایەتوڵڵا خومەینییەوە کە لەسەر ڕادیۆ بڵاو کرایەوە و بووە هۆی وروژاندنی بیروڕای گشتی دژی کوردستان. وەک کاردانەوە، هێزێکی بەرینی سەربازی، لە ناویاندا ئەرتەش، سوپای پاسداران و حیزبوڵڵای (حیزبی خودا) چەکدار، کەڵکی لێ وەرگیرا و هێرشی سەربازیی لە تەواوی شارە کوردەکان بەڕێوە چوو کە لەواندا کەڵک لە هێلیکۆپتەر، فڕۆکەی جێت، تانگ و تۆپخانە وەرگیرا. هێزەکانی کوردی بەو چەکانەی دەستیان بەسەردا گرتبوون، خۆڕاگرییان کرد. سەرکوتە درندانەکە بووە هۆی خوێنرێژیی بەربڵاو لە شارەکانی وەکو مهاباد، سنە، نەغەدە، پاوە، مەریوان، قوروە و سەقز. دادگای شۆڕش، بە ڕێبەریی خەلخاڵی، ئیعدامی بەکۆمەڵی خێرایان بەڕێوە بردن کە زۆر جار لەو ئیعدام کردنانەدا لەجیاتی جەنگاوەران، خەڵکی ئاساییان لە دادگایی چەند خولەکیدا سزا دەدا (کوهی-کەمالی، ٢٠٠٣، ل. ١٨٤).

٢- "ڕۆژهەڵات" بە کوردی بە مانای "ڕۆژهەڵاتی کوردستان"ـە. لە وێژەی سیاسیی کوردیدا، "ڕۆژهەڵات" ئاماژە بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان کوردستانی ئێران دەکات. نووسەرانی لێکوڵینەوەی کوردی کەڵک لە هەر سێ دەستەواژەکان وەردەگرن. لەو توێژینەوەیەدا، دەستەواژەی "ڕۆژهەڵات" کەڵکی لێ وەرگیراوە.

٣- کۆڵبەری ئاماژە بەو کارەیە کە تاکەکان، لاو و بەساڵداچوو دەیکەن و لەویدا کاڵاکان بە کۆڵی ئەوان لەنێوان سنوورەکانی ئێران، عێراق و تورکیە دەگوازرێتەوە؛ ئەو کرێکارانە بە کۆڵبەر ناسراون (بۆزجالی ٢٠١٩؛ سولەیمانی & محەممەدپوور ٢٠٢٠ ئـ). بەگوێرەی ئاماری تۆمار کراو لە لایەن ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤی هەنگاو، لە ٢٠٢٤، لانی کەم ٣٣٩ کۆڵبەری کورد کوژران یان بریندار بوون. لەو ٣٣٩ کۆڵبەرانە، لانی کەم ٢٨٤ کەسیان (کە دەکاتە ٪٨٤ی سەرجەم قوربانییان) کوژران یان برینداربوونیان ئاکامی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سەر سنووری ئێران بووە. ئەوە ٣٩ دۆخی کوژران و ٢٤٨ بریندار دەگرێتەوە (ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤی هەنگاو، ٢٠٢٥).

* https://journals.sagepub.com/doi/abs/١٠.١١٧٧/٢٣٤٧٧٩٨٩٢٥١٣٥٢٥٩٧

## سەرچاوەکان:


1. Ali, Dilshad Sabri, & Kerimi, Eyyub. (2023). The political economy of class formation and class structure in the southern Kurdistan: 1991-2021. Journal of University of Raparin, 10(4), 797–811.
2. Amin, Samir. (1974). Accumulation and development: A theoretical model. Review of African Political Economy, 1(1), 9–26.
3. Bajalan, Djene Rhys. (2020). The First World War, the end of the Ottoman Empire, and the question of Kurdish statehood: A ‘missed opportunity’? Ethnopo-

litics, 18(1), 13–28.

4. Blake, Kristen. (2009). The US-Soviet confrontation in Iran, 1945-1962: A case in the annals of the Cold War. University Press of America.

5. Bozcali, Fırat. (2019). Money for life: Border killings, compensation claims, and life-money conversions in Turkey Kurdish Borderland. In B. Bargu (Ed.), Turkey's necropolitical laboratory. Democracy, violence and resistance. Edinburgh University Press.

6. Ebrahimi, Muhammad Sharif. (2018). The securitisation of Kurdish national identity by the Iranian state with specific focus on the 1979 to 1989 period [PhD thesis, University of Kurdistan].

7. Entessar, Nader. (1992). Kurdish ethnonationalism. Lynne Rienner Publishers.

8. Entessar, Nader. (2009). Kurdish politics in the Middle East. Lexington Books.

9. Frank, Andre Gunder, & Gills, Barry. (1996). The world system: Five hundred years or five thousand? Routledge.

10. Frank, Andre Gunder. (1979). Unequal accumulation: Intermediate, semi-peripheral, and sub-imperialist economies. Review (Fernand Braudel Center), 2(3), 281–350.

11. Frank, Andre Gunder. (2013). The development of underdevelopment. In S. K. Sanderson (Ed.), Sociological worlds: Comparative and historical readings on society (pp. 135–141). Routledge.

12. Frankema, Ewout, & Buelens, Frans. (2013). Colonial exploitation and economic development. Routledge.

13. Ghassemlou, Abdul Rahman. (1965). Kurdistan and the Kurds. The Czechoslovak Academy of Sciences.

14. Ghassemlou, Abdul Rahman. (1980). Kurdistan in Iran. In G. Chaliand (Ed.), People without a country: The Kurds and Kurdistan (pp. 107–135). Zed Press.

15. Gunes, Cengiz. (2019). The Kurds in a New Middle East: The changing geopolitics of a regional conflict. Palgrave Macmillan.

16. Gunter, Michael. (2010). Historical dictionary of the Kurds. Scarecrow Press.

17. Gurses, Mehmet. (2014). From war to democracy: Transborder Kurdish conflict and democratization. In D. Romano & M. Gurses (Eds.), Conflict, democratization and

18. the Kurds in the Middle East: Turkey, Iran, Iraq and Syria (pp. 249–265). Palgrave Macmillan.

19. Hassaniyan, Allan, & Sohrabi, Mansour. (2022). Colonial management of Iranian Kurdistan; with emphasis on water resources. Journal of World-Systems Research, 28(2), 320–343.

20. Hechter, Michael. (1977). Internal colonialism: The Celtic fringe in British national development. University of California Press.

21. Hengaw Organization for Human Rights. (2025, February 12). Hengaw's statistical report: 339 Kurdish Kolbars killed or injured in Iran Borders in 2024. https://hengaw.net/en/reports-and-statistics-1/2025/01/article-3

22. Iran Meteorological Organization. (2020). Annual rainfall report of Iranian provinces. Ministry of Roads and Urban Development [in Persian].

23. Iran Plan and Budget Organization. (2005). Iran's third quinquennial development program. Presidency Islamic Republic of Iran [in Persian].

24. Iran Plan and Budget Organization. (2011). Iran's fifth quinquennial development program. Presidency Islamic Republic of Iran [in Persian].

25. Iran Plan and Budget Organization. (2017). Iran's sixth quinquennial development program. Presidency Islamic Republic of Iran [in Persian].

26. Iran Plan and Budget Organization. (2020). Iran's provincial development plan. Presidential Administration of Iran [in Persian].

27. Iran Statistics Center. (2021a). Cost and income of Iranian households. Plan and

aneh.ir/fa/news/304104

40. Mohammadi, Nariman, & Kianpour, Masoud. (2023). The quagmire of ideologies: An ethnography of Kurdish virtual lifeworld on Facebook. Journal of Intercultural Studies, 45(2), 274–291.

41. Mohammadpour, Ahmad. (2024). Blood for bread: Necro-labor, non-sovereign bodies, and the state of exception in Rojhelat. American Anthropologist, 126(1), 120–134.

42. Mohammadpour, Ahmad, & Soleimani, Kamal. (2021). Minoritisation of the other: The Iranian ethno-theocratic state's assimilatory strategies. Postcolonial Studies, 24(1), 40–62.

43. Mohammadpur, Ahmad, Ross, Norbert Otto, & Mohammadi, Nariman. (2017). The fiction of nationalism: Newroz TV representations of Kurdish nationalism. European Journal of Cultural Studies, 20(2), 167–179.

44. Patnaik, Prabhat. (2005, August 26). The economics of the new phase of imperialism. International Development Economics Associates, 26. https://www.networkideas.org/ featured-articles/2005/08/the-economics-of-the-new-phase-of-imperialism/

45. Pozzebon, Marlei. (2004). Conducting and evaluating critical interpretive research: Examining criteria is key to building a research tradition. In B. Aplan, D. P. Truex, D. Wastell, A. T. Wood-Harper, & J. I. DeGross (Eds.), Information systems research.

46. IFIP International Federation for Information Processing (pp. 275–292).

47. Falah, Rahmani, Sajjad, Hosseini Mirhadi Agamirzaei Asgar., Sayyed (2023). Kurdistan farmers and economic reform plans in the second Pahlavi era (Documentary studies). Social History Studies, 12(2), 103–123 [in Persian].

48. Shaibani, Ibrahim. (1973). The added value of the agricultural sector in Iran's agri-

Budget Organization [in Persian].

28. Iran Statistics Center. (2021b). The unemployment rate of people aged 15 years and older. Plan and Budget Organization [in Persian].

29. Iran Statistics Center. (2021c). Statistical yearbook of Iranian provinces. Plan and Budget Organization [in Persian].

30. Iran Statistics Center. (2021d). The economic, social and cultural status of Iran's provinces. Plan and Budget Organization [in Persian].

31. Iran Statistics Center. (2022). The situation of Iran's industrial estates. Plan and Budget Organization [in Persian].

32. Iran's Information Technology Organization. (2023). ICT Development Index of Iran. Ministry of Information and Communications Technology of Iran [in Persian].

33. Jamini, Davood, Irandoost, Kayoumars, & Jamshidi, Alireza. (2021). Spatial analysis of human development index and identify its determinants in Iran. Regional Planning, 11(43), 16–31.

34. Kishavarz, Amir Houshang. (2020). Social structure and economic system in Iranian nomads. Dane [in Persian].

35. Koohi-Kamali, Farideh. (2003). The political development of the Kurds in Iran: Pastoral nationalism. Springer.

36. Lambton, Ann KS. (1953). Landlord and peasant in Persia: A study of land tenure and land revenue administration. Oxford University Press.

37. McDowall, David. (2021). A modern history of the Kurds. Bloomsbury Publishing.

38. Mehr News Agency. (2022, April 9). The insignificant share of mines in the employment of West Azerbaijan. https://www.mehrnews.com/news/5461706

39. ME-METALS. (2023, September 20). The profits of the mines should be given to the province. https://felezatkhavarmi-

culture.School of Economics.

49. Soleimani, Kamal, & Mohammadpour, Ahmad. (2020a). The securitization of life: Eastern Kurdistan under the rule of a Perso-Shi'i state. Third World Quarterly, 41(4), 663–682.

50. Soleimani, Kamal, & Mohammadpour, Ahmad. (2020b). Life and labour on the internal colonial edge: Political economy of Kolberi in Rojhelat. The British Journal of Sociology, 71(4), 741–760.

51. Soleimani, Kamal, & Mohammadpour, Ahmad. (2023). The everydayness of spectacle violence under the Islamic Republic: 'Fire at will'. Security Dialogue, 54(3), 231–251.

52. Van Bruinessen, Martin. (1992). Agha, Shaikh and state: Social and political structures of Kurdistan. Zed Books.